دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

دواڕۆژ

٢٠٢٥/١١/٣ـ ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٣٧

dwaroj.net

کوردستان و سیاسەت



هەژار ـ تیلەکۆ ٣

توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێت



پرشنگ محەمەدی ٧

لە کایەی پولیتیکیا دا



ساڵح سوزەنی ١١

## سەروتار

### لە مکانیزمی ماشەوە بۆ هەڕەشەی سێدارە

حەمەی حەکیمی

مکانیزمی ماشە چییە و لە کوێوە هاتووە؟ بۆ چی پوتین پشتیوانی لە ئێران دەکرد و دواتر لە شەڕی دوانزە ڕۆژە پشتی ئێرانی چوڵ کرد؟ هۆکاری هێرشی بنەماخوازەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ سەر زەریف و ڕوحانی چییە؟ ڕژیمی ئیسلامی ئێران و شەڕی دەسەڵات چەنیک کاردانەوەی نەرێنی لەسەر دۆخی ئابووری خەڵک هەیە و دادەنێت؟ ئەمڕۆکە چەندین پرسیاری دیکە سەبارەت بە دۆخی هەنووکەی ئێران و وڵاتە زلهێزەکان مێشکی خەڵکی بە خۆیەوە مەشغول کردووە
سەرەتا دەبێ ئاماژە بەمکانیسمی ماشە بکەین کە یاسایەکی نێودەوڵەتییە کە پەیوەندی بە کونترۆڵکردنی چەکی ناوەکی نێوان ئێران و گرۆپی پێنج کۆ یەکە و ئەم بڕیارنامە لەلایەن ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە لە ساڵی ٢٠١٥وە پەسەند کرا و ڕژیم بە پەسەند کردنی ئەم پەیماننامە خۆی تووشی کێشەیەکی جدی کرد.
بەڵام ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی ئەم چەن ساڵە تا شەڕی دوانزە ڕۆژە گەمەی بە وڵاتانی جیهان کرد و گوێی بەو یاسایانە نەدا کە لە بڕیارنامەکەدا هاتبوون و هەمیشە خۆی لەو یاسایانە دەدزیەوە و پێتاندنی ئۆرانیومی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد، تا وای لێهات وڵاتە زلهێزەکان بەو بڕوایە گەیشتن کە ڕژیم زۆری نەماوە دەستی بە چەکی ناوکی بگات. ئەمە لە لایەکەوە و لە لایکی دیکەوە ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی گروپە نیابەتیەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی بە تەواوی تووشی ئاڵوزی کردبوو، هەر ڕۆژە لە شوێنێک گرۆپێکی سەر بە تاران شەڕ و ئاژاوەی لە ناوچەکە دروست دەکرد و خەڵکی ئەم ناوچە بە هۆی سیاسەتی ڕژیمی ئیسلامیەوە توشی کێشەی جدی و نەیامەتی زۆر بوونەتەوە و ڕۆژانە خەڵک دەبنە قوربانی سیاستی ڕژیمی ئیسلامی ئێران.
بەشێک لە مکانیزمی ماشە باس لە دیالۆگ دەکات و دەڵێت کێشەکان دەبێ بە وتووێژ و دانوستان چارەسەر بکرێت و هەروەها هەر کام لەلایەنەکان ئەگەر تووشی نیگەرانی یا هەر گرفتێک ببنەوە دەتوانن لە نەتەوە یەکگرتوەکان سکاڵا تۆمار بکەن.
یەکێکی دیکە لە خاڵە هەر گرنگەکانی ئەو بڕیارنامە ئەوەیە کە ئەگەر هەر کام لە گروپەکانی پێنج کۆ یەک بەو ئاکامە گەیشتن کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران پابەند نییە بە یاساکانی ئەو بڕیارنامەوە، دەتوانن داوای گەڕاندنەوەی هەموو گەمارۆ نێودەوڵەتیەکانی پێشوو بکەن و هەموو ئەو گەمارۆیانە بخەنەوە گەڕ و هەروەها ئەو یاسایەک لەو بەیاننامەدا هاتووە کە ڕێگری لە وڵاتانی ڕوسیە و چین دەکات کە نەتوانن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بڕیارنامە ڤیتۆ بکەن و ئەوەی ئێستا بووەتە هۆی کێشە لە نێوان زەریف و وڵاتی ڕووسیە ئەمەیە کە « لاووڕۆڤ «دەڵێت ئێمە پێمان سەیر بوو کە بۆچی زەریف هیچ کاردانەوەیەکی سەبارەت بەم یاسایە نەبوو و هەموو تاوانەکە دەخەنە پاڵ زەریف و بنەماخوازەکانیش هەر بەو هۆیەوە هێرشێکی توندیان کردوەتە سەر زەریف و تەنانەت لە مجلسی ڕژیم باس لەوە کراوە کە دەبێ زەریف بدرێتە دادگا و محاکمە بکرێت ...بۆ ل ٢

# ڕەمزی خۆشەویستی کۆمەڵە



٥٦ ساڵ لەمەوبەر لە ٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی، کۆمەڵێک لە خوێندکاران و چالاکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و پاش چەندین کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینیەوە دەربارەی ئەنجامی کارێک بۆ دۆخی ئەوسای کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، بەردی بناغەی ڕێکخراو و ڕەوت و حیزبێکیان دانا کە دەواتر بە ناوی ”کۆمەڵە“ وە لە سەر شانۆی سیاسی کوردستان دەرکەوت. ئەم ڕێکخراوەیە هەر زۆر بە زوویی هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی لە هەناوی کۆمەڵگا، نایە پشت سەر و لە کورت ماوەدا توانی شەتڵی خۆشەویستی خۆی لە ناو جەماوەری ناڕازی ئەو سەردەمدا بروێنێ و هەنگاوەکانی دیکەی خەباتی خۆی بۆ پێش خستنی ئامانجەکانی خۆی بەرێتە پێش. کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕی. زۆر زوو خۆی پێ گەیاندوو لە کورت ماوەدا گەیشتە لووتکەی ڕێبەرایەتیی کردنی بزووتنەوەی کوردستان. هاوکات بەرەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی بەئەزموونی چەپ لە سەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان لە دەوری کۆمەڵە کۆبوونەوەو بوون بە ڕەچەشکێنی خەباتێکی نوێ لە کوردستان لەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان و مسۆگەربوونی ڕووخانی شا، جموجووڵی جیهانی و ناوخۆیی خێراییەکی بەرچاوتری بە خۆوە گرت کە ڕاستەخۆ کاریگەری دانا لە سەر ئاراستەی هێزەکانی ئەوکاتی کوردستان. لەوەها بارودۆخێکدا کوردستان دەفەرتێکی زێڕینی بۆ خوڵقا. کۆمەڵگای کوردستان کە پاش ئیسلاحاتی ئەرزیی سەرەتای دەیەی چلی هەتاوی بەرەوە گۆڕانکاری قووڵ پەلی دەهاویشت، هێدی هێدی بەرەو کوردستانێکی شارستانی و کەوتنە ناو جەرگەی سەرمایەداری و کاپیتالیستی هەنگاوی دەنا. ورد ورد ڕواڵەتی کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانی بە سەردا هات و هێزی نوێی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدەدا و هێزە کۆن و گیان سەختەکان و کولتوور و موناسباتی پێش سەرمایەداری بەرەو لە ناوچوون و تووانەوە دەچوون. هێزی کۆمەڵایەتی نوێ یەک لەدوای یەک لەدایک دەبوون. خەبات بۆ ڕزگاری ژنان لە کۆت و بەندی نامرۆڤانە، پێی نابووە قۆناغێکی تازەوە. ژنان هاتبوونە مەیدان و شان بە شانی پیاوان لە خەباتدا بوون وێڕای شکستی کۆمار، پاش چەندین هێرشی گەورە بۆ چەککردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، پاش شکستی بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧-٤٦، کاریگەرییە نێگاتیڤەکانی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بە تایبەت لە سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و قوڵبوونەوەی ناکوکییەکانی ناویان و دواکەوتنیان لە گۆڕانکارییەکانی کوردستان، لە هەمو ئەوانە گرینگتر پاش دەیان ساڵ بەرنامەی سیستماتیک و بە گەورەترین ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی بۆ سڕینەوە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە، بۆ زاڵکردنی زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەست، شێواندنی مێژوو و حاشالێکردن لە نەتەوەکانی دیکە، لە کوردستان بە تایبەت شاهیدی گەشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و وشیاری نەتەوەیی بووین کە پاش ڕووخاندنی شا و ڕەخسانی کەش و هەوایەکی ئازاد بە خێرا خۆی نواند. سەرکوتی پەنجا ساڵەی پەهلەوییەکان لە دژی گەلی کورد سەرەڕای خەسارگەلێکی چەن لایەنە، نە تەنیا شکەستی هێنا بەڵکوو گۆڕانکارییەکان و خۆڕاگریی گەلی کوردستان و خەباتی هەمەلایەنەی تێکۆشەرانی کورد لە هەمو بوارەکانی، گەلی کوردستانی بۆ بەشدارییەکی سیاسی و جەماوەری و یەکگرتوانە ئامادە کرد کە لە درێژەدا چەندین هەنگاوی مەزنی نایە پشت سەر. لە ناو گۆڕانکارییەکانی کوردستان و هاتنە مەیدانی هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ، هێزی سیاسی نوێش بەستێنی سەرهەڵدانی بۆ ڕەخسا و هاتنە مەیدان. دامەزراندنی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە سەرتاسەری کوردستان، ڕێکخستنی جەماوەری لە نەورۆزی خوێناوی سنە لە بەهاری ٥٨ و یەکەمین هێرش و لەشکرکێشیی سەربازیی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، گێڕانی دەوری سەرەکی لە ڕوونکردنەوەی خەڵک بەدژی بەناو ڕێفراندۆمی □□ی خاکەلێوەی ٥٨، وەستانەوە لە بەرانبەر هەیئەتی دەوڵەتی تازەی ڕژیم کە پاش بایکۆتی شانۆگەری ڕێفراندۆم هاتبوونە شاری سنە و بەرگریی ڕوون و مێژوویی و بەرپرسیارانەی هاوڕێ سدیق کەمانگەر، لە ڕێبەرانی تێکۆشەری سیاسی و یەکێک ...بۆ ل ٢

## دریژەی سەروتار

.

هێرشێکی توند کراوەتە سەر زەریف و ڕۆحانی و هەر بەو هۆیەوە زەریف ڕخنەیەکی توندی لە ڕووسیە گرت، زەریف لەسەردەمی ڕۆحانیدا وازی لە پوستەکەی خۆی هێنا و ئێستاش ئەم دژایەتیکردنەی ڕووسیە بەردەوامە و بە بڕوای پسپۆڕان زەریف خەریکە گەمەیەکی ترسناک دەکات و ڕژیمی ئیسلامی دەخاتە تەنگانەوە هەر بۆیە بنەماخوازەکان بە توندی ڕخنەی لێدەگرن و شەڕی ناوخۆیی دەسەڵات گەیشتوەتە بەرزترین ئاستی خۆی و لە ئان و ساتدایە کە وەک کێشەکەی «رەفسەنجانی» لێبێت یان ڕۆحانی و زەریف لە نێو خانوەکانیاندا دەستبەر بکەن و بە هێڵی چارەنووسی «مووسەوی و کەڕوبی» بچن لەلایکی دیکەوە، ڕۆژنامەی «هەم میهەن» وڵامدانەوەی زەریف بە «لاوورۆڤ» بە دژی قازانجی نەتەوەیی ئێران دەزانێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وڵاتی ڕووسیە چۆنکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان مافی ڤیتۆی هەیە دەتوانێت لە کاتی تەنگانەدا فریای ڕژیم بکەوێت و لە کاتە هەستیارەکان پشتی ئەو ڕژیمە بگرێت، شتێک کە تا ئێستە زۆر کەم بینراوە یا هەر نەبینراوە و لە شەڕی دوانزە ڕۆژەش ئێمە بینیمان ئەوە بوو کە وڵاتی ڕووسیە هیچ جۆرە پشتیوانێکی لە ڕژیم نەکرد و تەنانەت ئامادە نەبوو «سامانەی ئێس ٤٠٠ یا سۆخۆ ٣٥»ی بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران بدات. هەروەها ڕخنەی توندی «قالیباف» لە رۆحانی و زەریف؛ کە دەڵێت ئێوە زەرەری گەورەتان داوە لە پەیوەندی نێوان ئێران و ڕووسیە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە سۆپا و بەیتی رەهبەری خامنەیی بە دژی ڕۆحانی لە هەمیشە ڕوونتر و ئاشکراترە و لەلایەن ئەم گرۆپانەوە ئەم ڕۆژانە شەپۆڵێکی هێرش بە دژی ڕۆحانی و زەریف ڕێکەوتوە، ئەم شەپۆلە دوای بڵاوبوونەوەی گرتەفیلمی زەماوندی کچی «عەلی شەمخانی» کە پسپۆڕان باس لەوە دەکەن کە ئەوە نیشانەیەکە لە هێرشی توند بە دژی ڕۆحانی و ئێستە هەر ڕۆژ یەکێک لە بەرپرسانی سۆپای ڕژیم بە دژی ڕۆحانی و زەریف شتێک دەڵێت و بە جۆرێک هێرش دەکەنە سەریان و دیارە بەشێکی بەرچاو لەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ جێنشینی خامنەیی. ئەوەی گرنگە لەم شەڕەدا هیچ کام لەم لایەنانە نوێنەری خەڵک ناکەن، هەموو ئەم بەشانە بە سۆپا، ڕۆحانی و زەریفیشەوە یەک جەستەن و هەموویان لە پرۆژەیەک بە ناوی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کار دەکەن. ڕژیمیک کە بە پێی ڕاوڕووت و بێ ئەخلاقی و گەندەڵی لە جیهاندا ناوی دەرکردوە و بۆ نموونە بانکی ئایندە کە بەرپرسەکەی خۆی بە خۆی وامی داوە و دواتر بەو وامە ساختمانێکی دروست کردوە و بە چەندین قات گرانتر فرۆشتویەتەوە بۆ خودی بانکی ئایندە و ڕژیمی ئیسلامی لە سەر بنەمای داڕماندنی ژێرخانی ئابووری ئێران دامەزراوە و ئەو ڕژیمە سوێندی خواردوە کە تا ئێران بە گشتی کاول نەکات واز لەو وڵاتە نەهێنێت.

کێشەکانی ناوخۆی ڕژیم زۆر واقعین، بەڵام لە کاتی مەترسی مانەوەی ئەم ڕژیمە هەموویان یەک جەستەن و بە دژی خەڵکی ئێران یەک دەگرن. لەلایکی دیکەوە ئێران تووشی کێشەی کەم ئاوی، بێ کارەبایی و گەمارۆکان پشتی خەڵکیان شکاندوە و هەر ئێستە شیر لە سەدا ٣٠ گرانتر بوە و دەنگۆی ئەوەش لە ئارادایە کە بەنزین گرانتر دەکرێت و ئەوەش بەو مانا دێت کە هەموو شتەکان چەن قات گرانتر دەبێت و هەر ئێستە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا بە گشتی لە ناو چووە و شتێک بە ناوی چینی مامناوەند لە ئێران بوونی نەماوە و بە هۆی سیاستی ڕژیمەوە خەڵک یان هەژارن یا دەوڵەمەند، گەمارۆکانیش کاریگەری ئەرێنی زۆریان لەسەر ژیانی خەڵک داناوە و بە شێوەیەک کە خەڵک بڕستیان لێ بڕاوە و ڕژیمیش ڕۆژانە گۆشاری زیاتر دەخاتە سەر خەڵک و هەر ڕۆژە بە شێوەیەک ژیانیان دەخاتە مەترسیەوە و ئێستەش بڕیارە یارانەی دە ملیۆن کەس ببڕێت. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا بن و لەمناوەدا ڕژیم بە بیانووی شەڕی دوانزە ڕۆژە، گەمارۆکان و یارمەتی لوبنان و فەلستین و ئێراق و .... دەست دەبات بۆ بژیوی خەڵک و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی کە ڕژیمی ئیسلامی تەنها بۆ چاوترسین کردنی خەڵکی بێ دەرەتانی بە بیانووی جاسوسی بۆ ئیسرائیل خەڵکی بی تاوان دەگرێت و سزای قورسیان بە سەردا دەسپێنێت و هەر چی بەیانییە منداڵێک، گەنجێک، باوکێک یا دایکیک لە سێدارە دەدات.

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە شەڕی ناوخۆیی ڕژیم زۆرتر لە گەمەێک دەچێت بۆ مەسرەفی ناوخۆیی و وەک هەمیشە خامنەیی دوو یا سێ کەس لە نزیکانی خۆی دەکات بە قوربانی و ئەمجارە پشک بە ناو «زەریف و ڕۆحانی» دەرهاتووە.

# ڕەمزی خۆشەویستی کۆمەڵە

دریژەی لاپەڕەی ١



لە کادرەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە لە بەرحەقبوونی بزووتنەوەی کوردستان، ڕێکخستنی یەکە کرێکارییەکان، جووتیاران و ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕەوانەکردنی سەدان کادری بە ئەزموونی خۆبەخش بۆ گوندەکانی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوە بە کەمترین کەرەستەوە، ئامادەبوون لە مەیدانەکانی کرێکاری و پێڕاگەیشتن بە داخوازییەکانی خەڵک لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، ڕێکخەری کۆچی مێژوویی مەریوان لە ناڕەزایەتیی بە جموجۆڵە سەربازییەکانی ڕژیم لەو شارە ڕێکخستنی ڕێپێوانی بەرینی خەڵک لە شارەکانی سنە، سەقز و بانە بۆ پاڵپشتیی خەڵکی مەریوان، بەرەوپێشبردنی وتووێژ لە گەڵ چەمران بە ڕێبەریی کاک فواد و دواتریش ڕێکخستنی بەرگریی مێژوویی خەڵکی کوردستان کە ڕژیم بەردەوام هەڕەشەی دەکرد، کۆمەڵەی کردە حیزبێکی پڕ ئەزموون و پتەو و جێ متمانەی قووڵی خەڵکی کوردستان ڕێبەندانی ٥٧ هەلێکی مێژوویی و مەزنی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکانی کرد و ناوەڕۆک و سیمایەکی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەخشی. ساڵی ١٣٦١ بۆ یەکەمجار لە هەر چوار پارچەی کوردستان چەخماخەی بەشداری ژنان لە شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی چەکی دۆستانی ڕیاکار و درۆیینەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. داکۆکی لە جوتیاران لە بەرانبەر مالیکەکاندا، دیفاع لە زەحمەتکێشانی دێهاتەکان بۆ زەوت کردنی زەویەکان، دیفاع لە ژنان لە بەرانبەر کۆنەپەرستی حاکم و فەرهەنگ و نەریتی کۆنی پیاوسالارانە، دیفاع

**٥٦ ساڵ لەمەوبەر لە ٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی، کۆمەڵێك لە خوێندکاران و چالاکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و پاش چەندین کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینیەوە دەربارەی ئەنجامی کارێك بۆ دۆخی ئەوسای کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، بەردی بناغەی ڕێکخراو و ڕەوت و حیزبێکیان دانا کە دەواتر بە ناوی "کۆمەڵە"وە لە سەر شانۆی سیاسی کوردستان دەرکەوت. ئەم ڕێکخراوەیە هەر زۆر بە زوویی هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی لە هەناوی کۆمەڵگا، نایە پشت سەر و لە کورت ماوەدا توانی شەتڵی خۆشەویستی خۆی لە ناو جەماوەری ناڕازی ئەو سەردەمدا بڕوێنێ و هەنگاوەکانی دیکەی خەباتی خۆی بۆ پێش خستنی ئامانجەکانی خۆی بەرێتە پێش. کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕی. زۆر زوو خۆی پێ گەیاندوو لە کورت ماوەدا گەیشتە لووتکەی ڕێبەرایەتیی کردنی بزووتنەوەی کوردستان.**

بۆ خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دەستەبەر کرد. کۆمەڵە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بنەمای حیزبێکی کوردستانی و چەپی دانابوو و بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا، ئەزموونی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦و٤٧ و پێویستیی ڕێبەرایەتییەکی نوێ، لە گۆڕانکارییەکانی ٥٧ بە لێهاتووی و ژیریی ڕێبەران و کادرەکانی و بە مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆلەکان و بەتاقەت و هێدی هێدی تووی ڕەوتێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردستانیان دەچاند کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەستێنێکی یەکجار لەباری بۆ ئەم ڕەوتە نوێیە و هێزە جەماوەرییە تازەکان خولقاند. کۆمەڵە، کۆمەڵگای کوردستانی بەرە و چەپ و یەکسانی خوازی و پێشڕەوترین ئەندیشەکانی مروڤایەتی پاڵ پێوەنا. سیاسەت و خەباتی سیاسی لە پاوانی سەرۆک عەشیرەکان و چینی دارا و تاقمێکی بچووک دەرهێنا و کاریگەری سەرەکی لە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەلانی بەرینی خەڵک بۆ سیاسەت و چارەنوسی خۆیاندا هەبوو کۆمەڵە پێشەنگی خەباتە جەماوەری و مەدەنییەکانی ئەو کاتی کوردستان بوو و ڕابەرایەتی ڕووداو و پێشهاتە گرینگە بەرخۆدان لە لایەن کۆمەڵەوە لێدرا. یەکەم دەستەی پێشمەرگەی ژنان لە کۆمەڵەدا چەکدار کران و ئیتر ژنان لە ڕیزی پێشەوە هاتنە مەیدانی خەبات و بەرخۆدان. ئەم ڕووداوە مێژووییە بۆ یەکەمجار بوو لە کوردستان ڕووی دەدا و تابویەکی ئەو سەردەمە بوو کە بە دەستی کۆمەڵە و ژنانی ئازادیخواز شکا. چەکدار بوونی ژنان ئەو مەدالیایە کە هەتا هەتایە لە ملی کۆمەڵەدا ئەدرەوشێتەوە و بۆ هەمیشە بوو بە مایەی شانازی کۆمەڵە وەک تاقە حیزبی پێشکەوتوی لایەنگری مافەکانی ژنان لە کوردستان. ئەم ڕووداوە گرنگە و ئەم حەرەکەتە دەستکەوتێکی گەورە بوو کە بە ناوی کۆمەڵە و بە ناوی ژنانی سوسیالیست و تێکۆشەرانی یەکسانیخوازی ژن لە کوردستان تۆمار کرا کۆمەڵە بە ڕێکخستنی خەباتێکی گشتی و جەماوەری و ڕێبەری کردنی بزوتنەوەی خۆڕاگری لە بەرانبەر هێرشی دژی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیدا، و هەروەها خۆڕاگری لێبڕاوانە لە بەرانبەر کۆنەپەرستانی ناوچەیی، دیفاع لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی زۆر لێکراوی کۆمەڵگەی کردە ئەولەویەتی کاری خۆی. ئەوەی کە دوای ڕاپەڕین چارەنووسی ئەم تەشکیلاتەی بە چارەنوسی بە ملیۆن ئینسانی زۆر لێکراو و تینوی ڕزگاریەوە گرێدا، خۆڕاگری کۆمەڵە بوو لە بەرانبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ و لە کرێکاران لە بەرانبەر سەرمایەداران، دیفاع لە بە چەکدار مانەوی خەڵک و هەوڵدان بۆ چەکدار کردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنانی هەموو جۆرە تەشەکول و جەمعیەت و ئیتیحادیەکی جوتیاران، شوڕای ژنان و قوتابیان، و لە هەمانحاڵدا هەوڵدان بۆ هێنانە مەیدانی بەرین و بەربڵاوی جەماوەری خەڵک لە بەرانبەر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا کە لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا بە لەشکرکێشیەکی سەرتاسەری بەکردەوە دەرهات. ڕێکخستنی حەرەکەتێکی جەماوەری گەورەی وەک کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان و سازماندانی باقی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان کە هێمای دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی خەڵک بوون لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا، بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵە بتوانێ دوای هێرشی نیزامی ڕژیمی ئیسلامیش ئاڵاهەڵگری خۆڕاگری جەماوەری و چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بێت لە بەرانبەر داگیرکاری و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵە لە ماوەی ژیانی خەباتگێرانەیدا توانیویەتی کە ئەم دەستەکەوتانە بەدەست بێنێ و بە لێبڕاوی هەرچی زیاترەوە بیانپارێزێ. کۆمەڵە هاوڕێ و هاوشان لەگەڵ جەماوەری خەڵکی ماف خوازی کوردستان ئەم ڕێگایە تا کۆتایی و تا گەیشتن بە سبەی ڕۆژی سەرکەوتن بە سەربەرزیەوە درێژە پێئەدات. ئەوەیە ڕەمزی خۆشەویستی کۆمەڵە

# کوردستان و سیاسەت

هەژار ـ تیلەکۆ

**(بەشی یەکەم)**

دوا بە دوای نەمانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و گۆڕانی ڕژیم بۆ دەسەڵاتێکی بە ڕواڵەت کۆماری و بەڕێوەبردنی سناریوی ڕێفراندوم و دەنگدانی بەشێک لە خەڵکی ئێران بەو ڕێفراندۆمە لە حاڵێکدا بوو کە حاڵ و هەوای شۆڕش هەموو ئێرانی تەنیبووەوە و خەڵک جگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بێ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی داهاتوو و لە ژێر کاریگەریی حاڵ و هەوای پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی و بگرە بە هەستێک بۆ گۆڕان دەنگیاندا بە ڕژیمێک کە بووە هۆی ڕووخانی ژێرخانی ئابووری و زۆربوونی تووشبوون بە مادده سڕکەرەکان و بێکاری و هەژاری بۆ دانیشتوانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەو حکوومەتە و لە دەرەوەش ئەم ڕژیمە تەنها خەڵاتی بۆ دراوسێکانی تەقینەوە و پشتیوانیکردنە لە گروپە توندئاژۆوەکان بووە و ئەمەش وایکردووە حکوومەتی ئێران لای بیروڕای گشتی ئەو وڵاتانە بە تاک بمێنێتەوە و هەموو ڕۆژێک گەمارۆی زیاتر بخرێتە سەر ئەو ڕژیمە و خەڵکی ئێران زیاتر و زیاتر گوشار بخرێتە سەریان و لەو ساتەوە ئێران بووەتە مەکۆی سێدارە، تێرۆر و تۆقاندنی خەڵکی بێدەسەڵات، ئەم کوشتن و برینە تا بە ئەمڕۆ بەردەوامە و خەڵک بە هەموو شێوەێک کەوتوونەتە ژێر گوشاری ڕژیمی ئیسلامی ئێران.

ئێستا کە زیاتر لە چوار دەیە بە سەر ڕووخانی ڕژیمی شا لەئێران تێدەپەڕێت، هیچ کام لەو بەڵێنانەی کە ڕژیمی ئیسلامی دابیوو جێبەجێ نەکراون و بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەوە هەموو شتەکان باس لەخراپ بوونی زیاتری دۆخی ژیانی دانیشتوانی ئێران دەکەن، چ لەبواری گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکان و چ لە بواری ئابوورییەوە، ئەمڕۆکە خەڵکی ئێران بە سیاستەی نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران و هەروەها گەمارۆ نێونەتەوەیەکان کە بە هۆی بەرنامەی ناوکی ئەو ڕژێمەوە بە سەریدا سەپێندراوە، تووشی برسیەتی، گرانی و بێکاری و هەزاران خەساری کۆمەڵایەتی و گرفتی دیکە بوون لە ژیانیاندا. شۆڕشی ساڵی٥٧ی ئێران یەکەمین هەنگاو بوو کە خەڵکی ناوچەکە بۆ نەمانی دیکتاتۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەڵیانگرت و تا ئەمڕۆش ئەم هەوڵانە هەر درێژەیان هەیە و هەر ئێستا خەڵکی لیبی، تونس و میسر لە دەستی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی بنەماڵەیی ڕزگاریان بووە و خەڵکی چەندین وڵاتی دیکەیش بە دژی دیکتاتۆرەکان ڕاپەڕیون.

تا ئەمڕۆ دیکتاتۆرەکانی میسر و تونس ناچار بوون وڵاتەکەیان بە جێ بێڵن و دیکتاتۆریەت لەو وڵاتانە بۆ هەمیشە لەگۆڕ نراوە، بەڵام ئەو وڵاتانەش بە هۆی نەبوونی ئالترناتیڤی گونجاو و کارا نەیانتوانیوە سەقامگیری خۆیان بە دەست بێن و زیاتر توشی کێشە و دارمان بوون. ئێستا لەدوای چوار دەیە بەسەر نەمانی رژێمی دیکتاتۆری شا لە ئێران دیکتاتۆرییەکی توندتیژتر و گشتخوازتر لە سەر کارە کە نارەزایی بەرینی خەڵکی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و بارودۆخەکە تا دێت زۆرتر ئاڵۆز دەبێت و سەرکوتەکانیش توندتر دەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەساڵی١٣٥٧ بۆ یەکەم جار هێزی سیاسی بە مەیلی جۆراوجۆرەوە پێکەوە خەباتیان کرد بۆ نەمانی دیکتاتۆر و بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی دێمۆکراتیک بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران دروست بکەن، بەڵام ئەم خەونە نەهاتە دی و کۆماری ئیسلامی هەر لەدوای هاتنە سەر کاری بە پێچەوانەی ویست، داخوازی و ئاواتەکانی خەڵکی ئێران دەستی دایە کۆشتاری هەڵسووڕاوانی سیاسیی نەیاری خۆی و یەکەم کار کە لە ئێران کردیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ زانکۆکانیان داخست. دوای نەمانی رژێمی دیکتاتۆریی شا، چەند ڕەوت و حیزبی سیاسی لە مەیداندا بوون وەک ئیسلامییەکان بە ڕێبەریی خومەینی، موجاهدین خلق، حیزبی تودە، فداییانی خەڵق

> **ئەو ڕژێمەی کە دەیویست پەرە بدات بە شێعەگەری جیهانی و لەم ڕێگەدا بە سەدان میلیارد دۆلار پوولی نەوت و داهاتی ئێرانی بۆ گرۆپە توندئاژۆوەکان و هاوپەیمانەکانی وەکوو، حزبوڵلا، حەماس، سوریە و سەدر خەرج کردووە. نەك هەر سیاسەتەکانی سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو هەر ئەو حزبانەی وەك حەماس و حزبوڵلا کاتێ قەیرانەکانی ئێران جدی دەبێتەوە کۆماری ئیسلامی بە تەنیا بە جێدەهێڵن و ئاکامی پشتیوانی و پەرەدان بە تیرۆریزم لە ناوچەکە و جیهان بووتە هۆی گەمارۆی زیاتر لە سەر حکوومەتی ئێران و دارمانی ئابووریی کەموێنەی ئەو وڵاتە.**

و دەیان ڕێکخراوی دیکە، لە کوردستانیش کۆمەڵە، دێمۆکرات و ئیسلامیەکانیش کە ئەحمەد موفتیزادە سەرکردەیان بوو بەڵام لایەنی ئیسلامی کە دەسەڵاتە زلهێزەکان پێشتر هەندێک ئامادەکاری و ڕێخۆشکەریان بۆیان کردبوو و بە جۆرێک سواری شەپۆلی ڕاپەڕین بن و هەموو لایەنەکانی دیکە بوونە ئۆپۆزیسیۆن و کەوتە بەر هێرش و پەلاماری دەزگا ئەمنییەتی و هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی نوێ و زۆربەی حزبە بەناو سەرانسەرییەکان تەنیا ناوێکیان لێ ماوەتەوە، یان چەند کەسێک دەبن کە ئەوانیش بە هۆی گرفت و کێشەی زۆری ناوخۆیی و ژیانی دوورە وڵاتی لەبەریەک هەڵوەشاونەتەوە و تەنیا چەند کەسێکی کەمیان لە ریزەکانی خەباتدا ماونەتەوە کە ئەوانیش گرنگێکی تایبەتیان نییە و ناتوانن بۆ دوارۆژی ئێران ببن بە ئالترناتێڤێکی گونجاو. خومەینی توانی لەرێگەی ئیسلامی سیاسی و شیعەگەریەوە لە ئێران دەسەڵات بگرێتە دەست و نیزامێک دابمەزرێنێت کە ئەو نیزامە توانی زۆرێک لە حزبە چەپ، سکولار، ئایینی و نەتەوەییەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، لە هەمانحاڵدا بە توندترین شێوە دەستی کرد بە سەرکوتی نەیارانی و تەنیا جێگەیەک کە لەبەرابەر خومەینییدا لە ڕۆژی هەوەڵەوە ڕاوەستا کوردستان بوو کە ئەویش بە فەرمانی جیهادی خومەینی، بە دەیان هەزار پاسدار، بەسیجی و کەفەن پۆش لە ئاسمان و زەویەوە هێرشیان کردە سەری و دەستیان دایە کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە تاوانەکانی هێزەکانی حکوومەت لە قارنێ و قەڵاتان بوو کە تەنانەت منداڵی ناو بێشکە و مەلای ئەو ئاواییانەی درانە بەر دەسرێژی گوللە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لاوازی و هەڵوێست و لێکدانەوەی ناڕاستی حزبە سیاسییەکان لە مەڕ سیاسەتەکانی خومەینی، بووە هۆی ئەوەی ئێران دەرفەتی بەرەو دێمۆکراسی چوون یان گەیشتن بە حکوومەتێکی ئازاد و سێکۆلار لەدەس دەرچێ و ڕژێمێک بێتە سەر کار کە هەموو پێوەرەکانی ئینسانیەت لە ژێر پێ بنێت.

دوای ئەوەی کە ڕژێم لە تاران خۆی سەقامگیر کرد، دەستیدایە کۆشتاری گیراوانی سیاسی، لە کوردستان و خەلخاڵی کە بە دەستووری خومەینی ببو بە حاکمی شەرع، بە بێ ئەوەی کەسێک دادگایی بکات، تەنیا لەچەند خولەکدا حوکمی ئیعدامی بۆ چالاکانی سیاسی دەردەکرد. لەکوردستان بە سەدان کەس بە بریاری خەلخاڵی ئێعدام و گولله باران کران.

ئێستا لەدوای ساڵەها، تاران یەکێکە لەگۆشەگیرترین وڵاتەکانی سەر ئەم ئەرزە، ئێران لەسیاسەتی دەرەوەدا توشی قەیران و دەیان گەمارۆ بووە و لەناو خۆشدا تووشی لێکترازان و کێشەی ناو باڵەکانی حکومەت بووەتەوە و هەروەها تووشی ئەم باهۆزی گۆڕانە کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەخۆ گرتووە بووە، هەر ئێستا گرانی و بێکاری بوەتە ئاخێزگەی ڕاپەڕین بە دژی دەسەڵاتدارانی رژێمی تاران و هەروەها کە لەم دوو ساڵەدا دێیمان وردە وردە ڕاپەڕینەکان پەرەی سەندووە و هەموو ئێرانی تەنیوەتەوە و سەرەتایی کۆتایی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی لە ئێران دەرکەوتووە.

ئەو ڕژێمەی کە دەیویست پەرە بدات بە شێعەگەری جیهانی و لەم ڕێگەدا بە سەدان میلیارد دۆلار پوولی نەوت و داهاتی ئێرانی بۆ گرۆپە توندئاژۆوەکان و هاوپەیمانەکانی وەکوو، حزبوڵلا، حەماس، سوریە و سەدر خەرج کردووە. نەک هەر سیاسەتەکانی سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو هەر ئەو حزبانەی وەک حەماس و حزبوڵلا کاتێ قەیرانەکانی ئێران جدی دەبێتەوە کۆماری ئیسلامی بە تەنیا بە جێدەهێڵن و ئاکامی پشتیوانی و پەرەدان بە تیرۆریزم لە ناوچەکە و جیهان بووتە هۆی گەمارۆی زیاتر لە سەر حکوومەتی ئێران و دارمانی ئابووریی کەموێنەی ئەو وڵاتە.

لە دۆخی ئەمڕۆدا کە هێشتا کوردستان بەدەست دەسەڵاتی شۆڤینیستی ئیسلامییەوە دەناڵی و چینی چەوساوەی کۆمەڵگا لە نالەبارترین دۆخدا دەژین، پرسی کورد و چونیەتی ڕاگرتنی و بە هێزکردنی یەکیەتیی ناو ماڵی کورد گرنگیەکی تایبەتی هەیە. دیارە توێژینەوە و ناسینی کێشەکان و گرفتەکانی بزووتنەوەی کوردستان کارێکی سانا نیە و بە هۆی نەبوونی ئارشیوو بەڵگەی پێویست لەسەر ڕوانگە و بۆچوونی ڕژیمی ئیسلامی ئێران سەبارەت بە پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەر بۆیە لەم کۆمەڵە وتارەدا دەمەوێت سیاسەتی ڕژیمی ئیسلامی لە سەر پرسی کورد بخەمە ڕوو.

یەکێک لەو کێشە گرنگانەی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە دەناڵێنێت چارەسەر نەکردنی کێشەی کوردە کە گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە خاوەن کیان و ماڵ و حالی خۆیی نییە و کوردستان هەم بۆ ئیسرایيل و هەم بۆ وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت وڵاتە زلهێزەکان گرنگی تایبەتی هەیە و هەر کام بە ڕوانگە و ڕا و بۆچوونی جیاوازە دەڕواننە کورد و کوردستان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم پرسی کورد لە ناوچەکە هاتە ئاراوە و پەرەی سەند، لەو ساتەوە کورد دەستی دایە چەک و بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی شەڕی چوار دەوڵەتی کردوە و ئەم شەڕە تا ئێستا درێژەی هەیە و بەردەوامە و بی وچان خەڵکی ئەم ناوچانە خەریکی خەبات و کوڵنەدانن و ئەم شۆڕشە هەر ڕۆژە و بە شێوەیەک خۆیی دەنوێنی و لە هەر هەلومەرجێک کە دێتە ئاراوە کوردستان ڕادەپەڕێت و دەست دەکاتەوە بە شۆڕش.

# شیکارییەک بۆ بزووتنەوەی ژینا:

## بۆچی ئەنجامەکانی بەدەست نەهێنا و ڕێگای سەرکەوتنی داهاتوو چییە؟



چیمەن جوانروودی

بزووتنەوەی ژینا بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. ملیۆنان کەس لە شار و گوندەکاندا ڕژانە سەر شەقامەکان و بە دەنگی بەرز داوای کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن، ستەم و دیکتاتۆرییان دەکرد. بەڵام ئەم ڕاپەڕینە سەرەڕای فراوانی و دەسەڵاتی جەماوەری، نەیتوانی ڕژیم بڕووخێنێت. ئێستا پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە: بۆچی بزووتنەوەی ژینا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دەبێ چی بکرێت بۆ سەرکەوتن لە ڕاپەڕینەکانی داهاتوو؟

### توانای بزووتنەوەکە

بزووتنەوەی ژینا توانی دروشمی گشتگیر و ڕادیکاڵی «ژن، ژیان، ئازادی» بکاتە ئاڵایەکی هاوبەش بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. بوونی ژنان و نەوەی گەنج لە پێشەنگ و قەبارەی خۆپیشاندانەکان بە ملیۆنان و پشتیوانی ڕای گشتی جیهانی و هاوپشتی هێزی دادپەروەر و چەپ بە سەرمایەی گەورە بۆ گۆڕانکاری دادەنران. لە لایەکی دیکەوە، ڕۆڵی تایبەتی ناوچە پەراوێزییەکانی وڵات و بەرخۆدانی گرووپە نەتەوەییەکان نیشانی دا کە ئەم بزووتنەوەیە لە قووڵایی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و تەنیا لە ناوەند و چینی ناوەندی شاردا سنووردار نەبووە.

### بەربەستەکانی بەردەم سەرکەوتن

سەرەڕای ئەم توانایانە، بزووتنەوەی ژینا بەهۆی چەند ئاستەنگێکی بنەڕەتییەوە وەستا.

یەکەم: نەبوونی سەرکردایەتییەکی سیاسی هاوبەش کە بتوانێت وزەی شەقام بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بگات.

دووەم: پارچەپارچەبوون و کێبەرکێی وەرچەرخانی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە ڕێگری لە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو کرد.

سێیەم: پرۆژە لادانەکان لەلایەن سەڵتەنت خوازان و پەیمانی (جورج تاون) چاکسازیخوازانەوە کە شەقامی لە ڕادیکالیزمی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو چاوەڕوانی و بێکردەوەیی برد.

چوارەم: ڕێکنەکەوتن لەسەر لانیکەمی هاوبەش بۆ داهاتوو کە بووە هۆی ئەوەی هیچ بەدیلێکی ڕوون و باوەڕپێکراو لە چاوی خەڵکدا پێک نەهێنرێت.

### پرۆژەی جیاواز

بۆ تێگەیشتن لەم لادانانە، مرۆڤ دەبێت سەیری ئەزموونەکانی ڕابردوو بکات. ڕیفۆرمخوازەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دروشمی ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی خەڵکیان ناردەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بە شێوەیەکی کاریگەر دەرفەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژیمیان لەناوبرد. پرۆژەیەکی هاوشێوە لە بزووتنەوەی ژینادا بەدواداچوونی بۆ کرا، بە ڕۆڵی «جۆرج تاون/ڕەزا پەهلەوی» و میدیاکان لەگەڵیدا هاوتەریب بوون. ئەم بزووتنەوەیە کە لەلایەن ناوەندە بیرمەندە نزیکەکانی ڕژیمەوە پاڵپشتی دەکرا، هەوڵیدا ڕاپەڕین بەرەو گواستنەوەیەکی نەرم و بەڵێنی نادیار ببات؛ پرۆژەیەک کە بە کردەوە بووە هۆی تەعقیمکردنی وزەی شۆڕشگێڕانەی گەل.

### ڕۆڵی هێزە نەتەوەییەکان

یەکێک لە گرنگترین پایەکانی بەرخۆدان لە بزووتنەوەی ژینادا خەڵکی ناوچە نەتەوەییەکانی ئێران بوو. کوردستان، بەلوچستان، خوزستان، تورکمان سەحرا و ئازەربایجان زۆرترین تاوانیان داوە؛ لە قوربانییەوە بۆ زیندانی و سەرکوتی خوێناوی. ئەم بەرخۆدانە دیاردەیەکی بەشەکی نییە بەڵکو دیاردەیەکی مێژووییە. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە بەبێ دانپێدان بە مافە نەتەوەیی و کولتووری و سیاسییەکانی ئەو پێکهاتانە، هیچ هاوپەیمانییەک بەردەوام نابێت. بۆیە لە هەر بەرەیەکی نیشتمانی داهاتوودا، گرووپە نەتەوەییەکان دەبێ وەک پایەیەکی بنەڕەتی لە هاوکێشەکانی ئۆپۆزسیۆندا جێگەیەکی ڕاستەقینەیان هەبێت.

### ڕۆڵی هێزەکانی چەپ

هەروەها هێزە چەپەکان و حزبە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کوردستانی، فێمینیستەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە بزووتنەوەی ژینادا هەبوو. توانیان داواکاری دادپەروەری و یەکسانی بخەنە چوارچێوەی بزووتنەوەکە و پەیوەندی نێوان نارەزایەتی شەقام و بزووتنەوەی کرێکاری و مامۆستایان و خانەنشینان و کەسانی کەمدەرامەت پتەوتر بکەن. سەنگی هێزە چەپەکان لە "کۆمەڵایەتیکردنی شۆڕش"دا زۆر بەرزە، چونکە نوێنەرایەتی دەنگی چینە کەمدەرامەتەکان و داواکارییە ئابوورییەکان دەکەن. ئەم هێزانە سەرەڕای جیاوازیی ئایدیۆلۆژی، پێویستە لە لانیکەم بەرەیەکدا پێگەیەکی یەکسان و دیاریکراویان هەبێت.

سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و ڕێکخراو کە توانای بڕیاردانی خێرای هەبێت لە ساتەوەختە گرنگەکاندا.

# کوردستان؛ جوگرافیای بەرخۆدان لە دژی مەکینەی مەرگی کۆماری ئیسلامی

## بانگەوازێکە بۆ ویژدانی جیهان بۆ ڕاگرتنی بازنەی لەسێدارەدان



ئارمان ڕەجەبی

من منداڵی خاکێک کە سێبەری سێدارە دەخاتە سەر ئاسۆ، باسی سەردەمێک دەکەم کە مردن و ژیان لە کوردستاندا تێکەڵ دەبن، هەموو پەتی لەسێدارەدان، هەر دەستگیرکردنێکی هەڕەمەکی، و هەر برینێک کە بەهۆی توندوتیژیی حکومەتەوە ڕوویداوە بەشێکە لە مێژوومان. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ڕژێم هەوڵ دەدات بە خوێن دەنگمان کپبکات بەڵام هیوا و بەرخۆدان هەرگیز لە ناخماندا نامرێت لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی ئێران کوردستانی کردۆتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە بۆ سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی. لەسێدارەدان تەنها سزا نییە، ئامرازی سیاسین بۆ چاندنی ترس و لەناوبردنی هەر دەنگێکی ناڕازی. سیستەمی دادوەری لە کوردستاندا لە جیاتی ئەوەی پارێزەری دادپەروەری بێت، وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی فەرمانە ئەمنییەکان خزمەت دەکات. بڕیارەکان پێشوەخت بڕیاری لەسەر دراوە، و تاوانباران دەستگەیشتنیان بە مافە یاساییەکانیان نییە بەگوێرەی دوایین ئامارەکانی هەنگاو، تەنها لە ماوەی کەمتر لە نۆ مانگی ساڵی ٢٠٢٥دا زیاتر لە ١٠٠٢ زیندانی لە ئێران لە سێدارە دراون کە ژمارەیەکی بەرچاویان خەڵکی کوردستانن. لە نێو لەسێدارەدراواندا ٢٩ ژن و ٩٧٣ پیاو هەبوون و تەنانەت منداڵێکیش بە تاوانباری مێردمنداڵ لە سێدارە دراوە. ئەم ئامارانە ئاماژە بە زیادبوونێکی بێ وێنە دەکەن بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو و ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەسێدارەدان ئامرازێکی سیستماتیک و ئامانجدارە دژی خەڵک بەتایبەتی چالاکوانانی کورد لە ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستگیرکردنی بەرفراوان و نایاسایی بەردەوامە تەنها لە مانگی سەپتەمبەری ٢٠٢٥دا زیاتر لە ٤١ هاووڵاتی لە شارە جۆراوجۆرەکان دەستگیرکراون. لەنێوانیاندا ٦ کەسیان ژن بوون سەرەڕای ئەوەش، سزای زیندانی درێژخایەن و سزای لەسێدارەدان، بەتایبەتی بۆ چالاکوانانی سیاسی کورد، بەردەوامە. بۆ نموونە، لقی یەکەمی دادگای ئینقلابی مەهاباد سزای لەسێدارەدانی بەسەر کاویس عەبدوڵڵازادە دا و شەش چالاکوانی دیکەش سزای ٦٠ ساڵ زیندانی بەسەرداسەپێنرا. تۆمەتەکانیان بە «پێکهێنانی گروپێک بۆ ڕووخاندنی حکومەت و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان» ڕاگەیەنرا کە تۆمەتێکی سیاسی و ناڕوونە و تەنها بۆ بێدەنگکردنی ئەو دەنگانەن کە داکۆکی لە ئازادی دەکەن سێدارە و ئەشکەنجەدان و دەستبەسەرکردن و هەڕەشەکردن لە کوردستان بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. تەنانەت چالاکی ئابووری و ڕۆژانەی خەڵک هەندێک جار لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەکرێتە ئامانج. دوکاندارەکان و کۆڵبەران ڕووبەڕووی هەڕەشە و توندوتیژی دەبنەوە و تەنانەت زۆربەیان گیانیان لەدەست دەدەن. ئەم دۆخە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆماری ئیسلامی ئامێری مەرگی خۆی نەک تەنها دژی چالاکوانانی سیاسی بەڵکو دژی تەواوی کۆمەڵگەی کوردی بەکارهێناوە سەرەڕای ئەم توندوتیژی و سەرکوتکردنە کوردستان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، خەڵکی ئەم خاکە هەرچەندە لە ژێر فشاردان، دەستبەرداری بەرخۆدان و خواستی ئازادی خۆیان نەبوون هەموو ناڕەزایەتییەکی مەدەنی و هەر دەنگێکی بەرز دژ بە چەوساندنەوە، بەڵگەی خۆڕاگرییە و هیوای داهاتوویەکی باشتر. بەرخۆدان لە کوردستاندا نیشانی دەدات کە هیچ سیستەمێکی ستەمکار ناتوانێت ئازادی تێک بدات تەنانەت کاتێک پەتی سێداریش بەشێک بێت لە ژیانی ڕۆژانەش لەم هەلومەرجەدا کۆمەڵگەی جیهانی و میدیای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتییان لەسەرە. بێدەنگبوون لە بەرامبەر ئەم کۆمەڵکوژییە نەتەوەییە بە مانای هاوکاری کردن لە گەڵ سیاسەتی سڕینەوەی سیستماتیکی کورد دەگەیەنێت. پێویستە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەوروپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میدیای سەربەخۆ ئەم ڕاستیانە ببینن و ڕاپۆرت بدەن و هەڵوێستیان لەسەر بگرنەبەر. لەسێدارەدان و سزای قورس دژ بە چالاکوانانی سیاسی کورد نەک هەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەڵکو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیشە ئێمەی چالاکوانانی سیاسی کورد داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین دەنگی بێدەنگانی ئەم خاکە بن. بە هەر سێدارەدانێک لە کوردستان بەرپرسیارێتییەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی ویژدانی جیهان، کەس ناتوانێت کەمتەرخەم بێت بەرامبەر ئەم سیاسەتی توندوتیژی و لەناوبردن کوردستان بەو هەموو ئازار و لەسێدارەدانە، جوگرافیای بەرخۆدانە. ئەم خاکە سەلماندی کە هەتا خەڵک بمێنێتەوە، هیچ ئامێرێکی مردن ناتوانێت ئازادی لەناوببات. ئێمەی ڕۆڵانی کوردستانیش هێشتا بەباوەڕ و هیواوە خەبات دەکەین بۆ ڕۆژێک کە دادپەروەری جێگەی سێدارە بگرێتەوە و دەنگمان نەک بەبێدەنگی بەڵکو لەهەموو جیهاندا ببیسترێت

# ڕیزبەستنە جەماوەرییەکان و گۆڕینی هاوسەنگی هێز...

دواڕۆژ

ئەمڕۆژانە لە سەروبەندی ئاخێزی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی ئێران لە مانگی خەزەلوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی داین. ڕۆژانێک کە خەباتی بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراوی لە شارە گەورە و چکۆلەکانی ئێران، وە جموجۆڵ خستو و گلۆڵەی دەسەڵاتی نەحسی کۆماری ئیسلامیی خستە لێژی و تا لێواری مەرگ پاڵی پێوەنا. ئەم ئاخێزە بە کردەوە هاوسەنگی هێزی لە گۆڕپانی سیاسی کۆمەڵگای ئێراندا گۆڕی و بەستێنێکی گونجاوی بۆ گەشەی خەباتی بەشمەینەتان بە پانتایی هەموو ئێران خوڵقاند. بەستێنێک کە تا بە ئەمڕۆش ترس و لەرزی لە ئەگەری دووپات بوونەوەی وەها ڕووداوگەلێک، خستۆتە جەستەی ڕژیمە دیکتاتۆرەکەی تاران.

ڕۆژی هەینی ٢٤ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی ، ئەو ڕۆژە پرشنگدارە لە خەباتی کۆمەڵانی ڕەنجدیتوی ئێرانە کە بەرزبوونەوەی سێ بەرابەری نرخی بێنزین وەک چەخماخەیەک ئاگری ناڕەزایەتی و تووڕەیی پەنگ خواردووی خەڵکی لە تەواوی ئێراندا گەشاندەوە و بەرەو خەباتێکی یەکگرتوانە بەدژی دڵڕەشەکانی تاران پاڵپێوەنا. لەماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردودا گەلێک ڕووداوی لە چەشنی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی لە ئێراندا ڕوویان داوە. بەڵام ڕوداوەکانی مانگی خەزەڵوەر، خەباتی ڕەوای کۆمەڵانی بێبەشی ئێرانی خستە قۆناغێکی تایبەت و دیاریکراو. ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر ڕووداوگەلێکی لەناکاو نەبوون، بەڵکوو لەڕاستیدا، درێژەی خۆڕسکی ئاخێزی مانگی بەفرانباری سالی ١٣٩٦ی هەتاویدا بوون.

مانگی خەزەڵوەر کە دەکرێ بە مانگی شۆڕشی خەڵکی برسی لە ئێران ناوزەد بکرێ، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی شۆڕش لە ناو دڵی شەقامەکانی ئێراندا گۆڕی و کۆمەڵێک دەرس و ئەزموونی بە نرخی لەگەڵ خۆی هێنا کە زۆرمان وەبیر شۆڕشی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی گەلانی ئێران، لە ڕێبەندانی سالی ١٣٥٧ دەخاتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ خاڵی بەهێزی ئەم ئاخێزە، گەشانەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرین بە پانتایی هەموو ئێران بوو کە لە کورت ماوەدا توانی بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و لەبیرکراو، لە ناخی خۆیدا ڕێک بخات و دەنگی پەنگ خواردووی ئەوان بکاتە دروشمی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەکەی و جەستەی دەسەڵات بکاتە ئامانج. لە لایەکی تریشەوە کەش و هەوای زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران، چ لە ناو بەرەی خەڵک و چ لە ناو بەرەی کۆماری ئیسلامیی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵگا پاش ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ خرۆشاوەتەوە و لە وەستان نەکەوتووە.

ڕووداوەکانی مانگی بەفرانباری سالی ١٣٩٦ هەر وەک بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرا بوو، بە توندترین شێوە سەرکوت کرا. بەڵام ئەو سەرکوت کردنە نەیتوانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دامرکینێتەوە و لە ناوی بەرێ. ئاگری بڵێسەی خەباتی جەماوەری لە کۆمەڵگای ئێراندا، هەر سات و کاتێک دەتوانێ لەرزە بخاتە جەستەی کاربەدەستانی دڵڕەشی کۆماری ئیسلامیی. ئەو خەبات و ئاخێزانە ریشەی لەناو دڵی جەماوەری وەگیان هاتوودا داکوتاوە لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا گەشە دەکا.

ڕیزبەستنە جەماوەرییەکان و گۆڕینی هاوسەنگی هێز ئاخێزی جەماوەری لە مانگی خەزەلوەردا بەبێ گوێدان بە هەڕەشەکان و کوشت و کوشتاری جەنایەتکارانەی ڕژیم، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەشەی کردوو شەقامی ١٠٠ شاری گەورەی ئێرانی لە ئامێز گرت. جەماوەری ناڕازی بە وتنەوەی درووشمی سیاسی وەک «مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆڕ، نان کار ئازادی، یەکییەتی یەکییەتی، هەموومان پێکەوەین»، بەکردەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر، لە ڕاگرتنی ماشێنەکان لە سەر شەقام و بەستنی ڕێگاکانەوە بگرە تا دابین کردنی ئیمکانات و داخستنی ناوەندەکانی کار و مانگرتن، درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا.

ئێستاش دوای تێپەڕ بوونی ٦ ساڵ لەم ئاخێزە ئێمە شاهیدی پیلانێکی قێزەونی تری دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیانین بۆ گران کردنی سەر لە نوێی نرخی بنزین قەیرانەکان لە کۆمەڵگای ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستەندن دان. لەم بارودۆخە ئاڵۆز و شڵەژاوەی ناوچەکەدا کە بەدوای ڕووداوەکانی ناسراو بە ٧ی ئۆکتۆبر واتا هێرشی گرووپی حەماس بۆ سەر وڵاتی ئیسرائیل هاتنە کایەوە، کۆماری ئیسلامیی بە کردەوە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوە گرفتاری قەیرانی چەند لایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد. ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان لە هەڵکشان کرد و کۆماری ئیسلامیی بۆ جارێکی تر لەگەڵ گەشە ئەستەندنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییانە بەرەوڕوو بوویەوە و لەلایەکی تریشەوە کەوتە ژێر فشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی ئوروپایی بۆ واز هێنان لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و دست پێڕانەگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی.

چالاک بوونەوەی مێکانیزمی ماشە و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئوروپایی گوشارەکانی دەوڵەتی ئامریکا، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە سەر لێواری دارمان. ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێت و سفرەی هەژارانەیان ڕۆژبەڕۆژ چکۆڵەتر. بێکاری و گرانی لەو پەری خۆیدایە. لە وەها بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامیی و دەوڵەتی پزیشکیان لە پیلانێکی قێزەووندا بەتەمای بردنەسەری ٣٠٠ تا ٥٠٠ لەسەدیی نرخی بێنزینن تا بەم شێوە و ڕاستەوخۆ قەیرانەکانیان بگوازنەوە بۆ سەر شان و باهۆی خەڵک.

ئەمجارەش کۆماری ئیسلامیی دەیهەوێ وەک خەزڵوەری ساڵی ١٣٩٨بە گران کردنی نرخی سووتەمەنی هێرش بکاتە سەر بژێوی خەڵک. لە مانگی خەزەڵوەردا، خەڵک تەحەمووڵیان نەکرد و شەقامیان بۆ دەربڕینی ویست و داخوازی و بەربەرەکانییە لە دژی وەها کردەوەیەکی دەوڵەت، هەڵبژارد. ئەو ئاخێزە لەسەر پێویستی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی پێداگریی کرد و هەوڵیشی بۆ دا. هێرشی ئەمجارەش دەتوانێ چەخماخەی شۆڕشێکی تر و ئاخێزێکی تر لێبدات و ببێتە دەستپێکی قۆناغێکی تازە لە خەبات و خۆڕاگریی. بێگومان گران کردنی نرخی بێنزین و هەر پێداویستێکی تری ژیانی خەڵک دەتوانێ جارێکی تر ناڕەزایەتی و ئاخێزی تری لێبکەوێتەوە. ئاخێزی ئەم جارەش پشت ئەستوورە بە چەندین ئاخێز و شۆڕشی پێش خۆی و هەر بۆیە دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێت. ڕوخانی ڕژیم پێویستێکی هەنوکەیە و جەماوەریش نیازیان بە پێداویستییەکانی ڕووخاندن هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش یەکییەتی و هاودەنگی و هاو خەباتی، داخوازییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژیم بێنێ.

دڵنیام ئەو ڕۆژە دێت کە هەموومان یەکگرتوانە لەسەر گۆڕی دوژمنانی ئازادی و یەکسانی سرودی ڕزگاری بڵێنەوە و تاجەگوڵێنەی خۆشەویستی بنێنە سەر گلکۆی ئەو ئازیزانەی کە لە پێناوی ژیانێکی ئازاددا گیانیان بەخت کرد ..

# سێکسیزم: باسی بکەین، بیناسین، بەری پێبگرین



ئەسعەد دورودی کەمانگەر

سێکسیزم واتە هەموو ئەو ڕوانینە نارەوا و هەڵاواردنانە کە لە سەر بنەمای ڕەگەز دەکرێن، کە بەتایبەت دژ بە ژنان و ئەو تاکانەی کۆمەڵگا دەکرێن کە لە نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگەی باوک/پیاوسالاردا خۆیان نابیننەوە. سێکسیزم دەتوانی بە شێوەی تاکە کەسی بێت یان لە سیستمی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی یان ئابووریدا خۆی بنوێنێ. سێکسیزم شێوازێک لە ستەمە کە گەزەن دەگەیەنێتە تاک و کۆمەڵگا و پەرە بە نایەکسانی دەدا و بەر بە دەرفەتی یەکسانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری دەگرێ و کولتووری باوک/پیاوسالار بەرهەمدێنێتەوە. سێکسیزم لە شێواز و فۆرمی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە:

• سێکسیزم لە زمان و دەربڕیندا: هەموو ئەو وتە و قسە و جنێو و هێرشە کەلامییانە دەگرێتە خۆی کە لە بیری باوک- پیاوسالارەوە هێرش دەکاتە سەر ژنان و ئەو کەسانەی لە کولتووری هێترۆنۆرماڵ و باینەریدا جێیان نابێتەوە و وەکوو ئامرازێک بۆ بەربەست کردن، دەمکوتکردن، ڕێگرتن لە پێشکەوتن، بەرگرتن بە دەربڕینی بیری ئازاد و هتد ... بەکار دەبرێن.

• سێکسیزمی ڕێکخراو: ئاماژە بەو شێوازە لە سێکسیزم دەکا کە لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵگادا بە شێوەی سیتماتیک جێیان گرتووە لەوانە، دەزگای داد، پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەمە دەوری سەرەکیی لە هێشتنەوە و پاراستنی نایەکسانی لە کۆمەڵگادا هەیە.

• سێکسیزم لە شوێنی کار و چالاکی: کە خۆی لە نایەکسانی لە دەرفەتی پێشکەوتن، بێڕێزی تەنها لە بەر جنسییەت و حەزی جینسی، نایەکسانی لە بەشداری لە بڕیاردان بە هۆی ڕەگەزەوە و هتد... دەبینێتەوە

• سێکسیزم بە شێوەی بە کاڵا کردن (objectification): بەکارهێنانی ژنان (یان ڕەگەزی دیکە) وەکوو کاڵا بۆ مەبەستی سێکسی و لەبەرچاو نەگرتنی تواناکان، کەسایەتی و هەست و بیری تاک جیا لە جنسییەت و ڕەگەز.

• سێکسیزم بە شێوەی پەرەدان بە قاڵبی کۆن: گشتاندنی تایبەتمەندی یان شێوازێکی هەڵسوکەت بۆ هەموو ئەو کەسانی ڕەگەزێکی دیاریکراویان هەیە. ئەمە دەبێتە بنەما بۆ هەڵاواردن و نایەکسانی و ڕێگر بۆ دەرفەتی یەکسانی پێشکەوتن.

• سێکسیزم لە شێوەی توندوتیژیی ناوماڵ (Domestic violence): توندوتیژی جەستەیی، سێکسی یان دەروونی بەرانبەر بە کەسانی ناو بنەماڵەیەک لە سەر بنەمای جنسییەت و ڕەگەز.

• سێکسیزم لە شێوەی بەکەمزانین: بەکەمدانانی ژنان و گومان دروستکردن لە سەر لێهاتووی و تواناکانی لە بواری جۆراوجۆردا و بەتایبەتی لەو مەیدانانە کە پیاوان بە شێوەی مێژووی دەستیان بەسەردا گرتووە، وەکوو سیاسەت و ئابووری.

ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەم دیاردەیە وەکوو هەموو جیهان و بەتایبەت وەکوو بەشێکی کەمتر پێشکەوتووی ئەم جیهانە لەو بوارەدا هەیە، شتێکی نائاسایی نییە بەڵام شتێکی نارەوایە، هاوکات ئەوەی نائاساییە هەوڵ نەدان و کارنەکردن بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردە دزێوەیە ا ن مانەوەی کارەکان لە ئاستی دروشم و بەرنامەی تایبەت بە بۆنەکان و ڕۆژە تایبەتەکانە. ئەو کارکردنە دەبێ بە پشتبەستن بە زانیاری و وشیاریی سەردەم لەو بارەوە و داڕشتنی پلان و بەرنامەی گونجاو بێ. ئەم شەڕە هەم زانست و هەم ئامراز و هەم چالاکانی تایبەتی خۆی دەوێ و ئەم خەباتە سەرەڕای هەڵپێکرانی لە خەباتی دیکە لە کوردستاندا کە بەرچاوترینیان خەبات بۆ ڕزگاریی لە ستەمی نەتەوەیی و خەبات بۆ عەدالەتی ئابوورییە، نابێ بکرێتە پاشکۆ یان قوربانیی ئەو خەباتانە و لەبیر بکرێ یان دوابخرێ بۆ داهاتوویەکی نادیار. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، لەو ڕێگایەدا ئەرکی دیاریکراویان هەیە و دەبێ هەر زۆر بەر لە ئێستا و لانی کەم لە ئێستاوە بە شێوەیکی سیستماتیک کار بۆ سڕینەوەی ئەو پەڵە ڕەشە بکەن بۆ ئەوەی هەم خۆیان وەکوو حیزب بەدەست ئەو خەسارەوە نەجاتیان بێ هەم هیوای ئەوە لە دەڵی خەڵکدا گەش کەنەوە کە لە داهاتووی بەشدارییان لە دەسەڵات لە کوردستاندا دەتوانن و ئامادەن نوێنەری ئەو خەباتە بن و ئاڵاهەڵگری ئەو بەشە لە هەوڵ بۆ یەکسانی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی لە کوردستان بن. ئەو کارانەی هەر ئەمڕۆ لەو بوارەدا دەکرێ لە دوو ئاستی سەرەکیدا پێویستە جێبەجێ بکرێن.

یەکەم: پەروەردە، ئەمە لە فێرکردنی سەرەتایی و فێرگەی پێشمەرگایەتییەوە دەستپێدەکات و بەشی گرینگتری لە درێژەی کاری حیزبی و لە ڕێگەی کۆرس و کۆبوونەوە و ئاکاری کەسانی خاوەن ئەزموونی ناو حیزبەکانەوە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ ئەوانەی تازە بە حیزبەکانەوە پەیوەست دەبن. بۆیە جیا لە بوونی پەروەردەی یەکسانی تەوەر لە فێرگە و کۆبوونەوەکان پێویستە تاکەکانی ناو حیزب ئەو ڕاهێنانەیان لە خۆیانەوە دەست پێکردبێ بۆ ئەوەی فەزایەکی سەلامەت و ئەمن بۆ چالاکی و پێشکەوتن و بارهاتنی جیلێکی یەکسانی خواز بخولقێ

دووهەم: یاسا، بوونی یاسایەک کە لادان لە بنەماکانی هەڵسوکەوتی یەکسانیخوازانە و مرۆڤی، و هەڵسوکەوتی سێکیستی بە تاوان دەزانێ و سزای شیاوی بۆ دیاری کردووە، نیشانەی جیددی بوونی هەر حیزب و ڕێکخراوێکە لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکە یەکسانیخوازانەکانیدا. ئەو یاسایانە دەبێ هەمەلایەنە و ورد نووسرابێتن و پێویستە کەسانی شارەزا لە باری یاسا و دادوەری کاریان بۆ کردبێ. جێبەجێکرانی ئەو یاسایانە و بەڕێوەچوونیان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ تاوانەکەی کردووە زەمانەتی ئاکامبەخش بوونی پەروەردەی دژە سێکسیستیە.

#نە_بۆ_سێکسیزم
#بەرەو_یەکسانی
#ژن_ژیان_ئازادی

# سیاسەتی نوێی حیجابی زۆرەملێ لە کوردستان



ژیلا ئەحمەدی

لەمانگی ڕەزبەری سالی ١٤٠٤ فستیواڵێکی ئاییینی بەناوی تاجی زێرین لەشاری بانە بەحزووری ٧٠٠ ژن وکچ بەڕێوەچوو کە بەشێکی کچانی ژێر ١٨ساڵ بوون. بوونی ئەم فستیواڵە لە کوردستان لە کاتێکەدایە کە خەڵک بەهۆی شۆڕشی ژێنا لەچک و حیجابی زۆرەملیان فرێ داوە بەتایبەت لەشارە کوردنشینەکان کە پێشەنگی ئەم بزووتنەوە بوون. شاری بانە دوای شارەکانی سقز و سنە ڕۆڵی سەرەکی بوو لەخۆپێشاندانەکان و لە ما نگرتنە کا ن اودەنگی وهاوکاری شاری بانە لەگەڵ بانگهێشتی حیزبە کوردیەکان بوو. پرسیارێک کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت ئەوەیە بۆچی ئەم فستیواڵ و مەراسمە لەشاری بانە بەڕێوە چووە و لە شارەکانی دیکەی کوردستان نەبوو؟ ئەگەر بین ئاوڕێک بەشاری بانەدا بدەین ئەوەیە کە شاری بانە شارێک تایبەتە لەبواری جۆگرافیایی، شارێکی سەر سنوور کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان سنووری هەیە، یەک نەتەوە کە دوو جۆر شێوازی ژیان کردنیان هەیە، ئەوبەری سنوورەکان لە هەرێمی کوردستان دیموکراسی و سکۆلار حاکمە و ژنانی کورد ئازادی جل پۆشینیان هەیە و لە زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵگا وەکوو سیاسەت، کۆمەڵایەتی بەشدارن و تەنانەت زۆربەی فستیواڵ و مەراسمەکان بەئازاد بەڕێ ئەچێت؛ کەهەموو ئەمانە کاردانەوەی هەیە لە سەر ژیانی خەڵکی لەسەرسنوورەکان، تەنانەت لە ٣١ی مانگی گوڵان تا ١ی جۆزەردان فستیواڵێ لە هەریمی کوردستان بەڕێوە چوو کە دژ بە حیجاب و جلی زۆرە ملی بوو کە چەند کچ بە پۆششی ئیسلامی دەست ئەکەن بەسەما و دوای جلەکانیان فرێ ئەدەن بەرامبەر بە داعش و بە جلی کوردی سەما دەکەن، دوای بڵاو بوونەوەی فستیواڵی سلیمانیە لە سۆشیاڵ میدیا لە ئاخری مانگی ڕەزبەری نزیکەی ٢٠٠٠ ژنی حیجاب و باڵاپۆش لەمزگەوتی دەمامەی شاری بانە کۆ ئەبنەوە و ناڕەزایەتی دەرئەبڕن بەم شانۆیە لە فستیوالی باشوور و دژ بە ئیسلامی دەزانن. هەموو ئەمانە نیشان ئەدات کە کۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەتی کولتووری و پەروەردەی هەیە کە هەوەڵ ئەدات ئەم جار بەشێوازی نەرمتر و بەڕێکخستنی ئەم جۆر مەراسم و فستیواڵانە نیشان بدات کە شارە کوردەکانیش لەگەڵ حیجابن و بەشێوازی نوێ حیجاب زۆرەملی بەسەر خەڵک داسەپێنێت، تەنانەت پێشتریش ئیدارەی پەروەردە و فێرکاری شاری بانە کۆبوونەوەی کولتووری حیجاب و عیفافی ڕێکخست و پێناسەی بنەماڵەی بەناوی هەفتەی حیجاب وعفاف دانا، دەتوانین بڵێین ئەمە سیاسەتێکی ڕژیمە کە پلاندار و بە بەرنامەیە کە ئەوەڵ جار شاری بانەی هەڵبژاردووە و وردەوردە لەشارەکانی دیکەی کوردستان دەیهەوێت پەرەی پێی بدات. هەرچەند ئەم ٧٠٠ژنە کە بە لیباسی باڵاپۆشی بەشداربوون زۆربەیان بەسیجی و سپاهی و ئۆرگانەکانی وابستە بەخویانن. هەڵبەت شتێ تر کە سەرنجی مرۆڤ ڕائەکێشێت جیاوازی جلەکانیانە کە جیاواز لە جلی کوردی کە دەتوانێت هێمایەک بێ لەوە کە مەراسمی تاجی زێڕین لە ناوەڕۆکی سیاسەتی ڕژیم دروس کراوە چۆنکە لەکوردستان جلی ژنان وەکوو جلی کوردی زۆر فەرقی هەیە لەو ڕوانگە کە کوردستان جڵی ژنان ڕەنگاوڕەنگ و جیاوازە لە جلی زۆرملی. دەتوانین بڵێین کوردستان جێگە و پێگەی جیاوازی هەیە تەنانەت لەباری کولتووری و شارستانیەت وبیروباوەڕی خەڵک، کۆماری ئیسلامی هەمووکات ترس و دڵەڕاوەکی هەیە بەرامبەر بەم ناوچە چۆنکە لەبواری سیاسی و بیروبۆچوون پێشکەوتووە و لەگەڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ناگۆنجێت و فکریەتی دیموکراسی و سکۆلار لەم ناوچە لە پێشە و بوونی ئەحزاب لە ناودڵی خەڵک ڕەنگ و بیروبۆچوونی تری بەم ناوچانە بەخشیوە، خودی شۆڕشی ژینا هەڵقوڵاوی کوردستان بوو و دواتر کێشراوە شارەکانی دیکە، بۆیە ڕژیم سیستماتیک و بەپلان هەموو پرۆژەکانی لە کوردستان ڕێک ئەخات لە ناوچەی کە حیجاب ئیسلامی کەمتر توانیویە جێگەی بێت، هەرلەسەرەتای هاتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٨ی مارس ٥٨ خەڵک کوردستان «نە»یان وت و لەشارەکانی کوردستان خۆپێشاندان کرا بە درۆشمی نەروسری نە توسەری بەڕێ چوو و بەردەوام لەساڵانی رابردوو بزووتنەوەی ژنان چالاکی و خۆپێشاندانیان بووە و ژنانی چالاک لە زۆربەی شوێنەکان بەڕێکخستنی تایبەت لەبواری چالاکی ژنان بەرامبەری یاساکانی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی وەستاون، کە سەرکەوتووترینی شۆڕشی ژینا بووە کە ڕاستەوخۆ حیجابی زۆرە ملی کردە ئامانج و بەتەواوەتی بەرنامە و سیاسەتە دژ ژنی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کرد و دەیان دەسکەوتی هەبوو بۆ ژنان بۆیە تەواوی هەوڵی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بەرامبەر ژنان و بزووتنەوەکەیان ڕێکخستنی دواکەوتووترین فستیواڵی ئایینیە کە مەجمووعەێک ژنی کۆیلە و سەربەکۆماری ئیسلامی دابەمەزرێنن و بەعینوانێ تاجی زێڕین ژووری کۆیلایەتی بۆیان درووس بکەن کە ڕێک دەتوانین بڵێین بەجێگەی تاجی زێڕین- زەنجیری کۆیلایەتی بۆیان دابین دەکات

# سیستەمی دژە ژن و وەچەخستنەوەی ستەم لە بەرگی کولتووردا



ڕۆژین کەرەموەیسە

«لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا، جەستەی ژن بۆ دوو مەبەست بەکارهاتووە: یەکەم، نیشانەی نێوانی ئایین و دەسەڵات، دووهەم، ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی شەرعییەت لە کاتی قەیران.»

شیکارییەکی «ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب» و سیاسەتی جێندەری کۆماری ئیسلامی

پێشەکی:

بارەگای فەرمانکردن بە چاکە و قەدەغە کردنی خراپە، دەستپێکردنی « ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب»ی ڕاگەیاند و بەنیازە زیاتر لە ٨٠ هەزار کارمەندی ڕاهێنراو دابمەزرێنێت، ژمارەیەکی بەرچاو کە لەگەڵ یاریگای ئازادی تاران بەراوەرد کراوە، لە هەمان کاتدا هەواڵەکان سەبارەت بە گەڕانەوەی پاسەکانی گەشت ئێرشاد لە تاران و بەشێک لە شارەکان بڵاوکراونەتەوە. بەڵام وتەبێژی فەرمی حکومەت بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە هیچ بودجەیەک بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان نەکراوە و تاقیکردنەوەی گەشتی ئێرشادی بە شکستخواردوو ناوبردووە؛ ئەم دژایەتییە فەرمییەی نێوان دامەزراوەکان ئاماژەیە بۆ قەیرانێکی پێکهاتەیی و نەبوونی کۆدەنگی دامەزراوەیی.

ئهوەی ئەمڕۆ لە ژێر ناوی « ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب» و کۆکردنەوەی گوماناوی ٨٠ هەزار کەسی ڕاهێنراو ڕادەگەیەنێت، درێژەی هەمان پرۆژەی بنچینەیی کۆماری ئیسلامییە؛ پرۆژەیەک کە لە سەرەتاوە ئایین نەک تەنیا بزوێنەری بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو وەک میکانیزمی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات پێناسە کرد. ئێستا لە دۆخێکدا کە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان خەریکە شەرعیەتی فەرمی دەشێوێنن، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆنترۆڵی جێندەر وەک وڵامێکی کۆنەپەرستانە و بێهیوایی لە حوکمڕانی کاردەکات.

●ئیدئۆلۆژی جێندەری وەکوو ئامرازی دەسەڵات

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، پێکهاتەی حوکمڕانی لە ئێران بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی خۆی پشتی بە فەرمانی جێندەری بەستبوو: پێناسەی «ژنی ئایدیاڵ» و سەپاندنی ڕێسا گشتییەکان و هەڵسووکەوت بەرانبەر بە ژن بوون بە ئامراز بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت. ئەم پەیوەندییە کاتێک گۆڕدرا بۆ میکانیزمێکی دەوڵەتداری، ئیتر تەنیا گەڵاڵەیەکی بەها نەبوو؛ بەڵکوو بەشێک بوو لە «حکومەت»: کۆنترۆڵکردنی ئۆرگانەکان، ڕێکخستنی فەزای گشتی و بەڕێوەبردنی ڕەفتاری هاوڵاتیان هەموویان خزمەتیان بە چەسپاندنی نەزمی سیاسی دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە، حیجابی زۆرەملێ و دامەزراوەکانی (ستادی ئەمر بە مەعروف، پۆلیسی ئەخلاقی و دامەزراوە هاوشێوەکان) لادانێک لە سیاسەتە ئاساییەکان نەبوون، بەڵکو شێوەی فەرمی و سەرەکیی بەکارهێنانی دەسەڵات بوون.

ئەوەی ئێستا وەک « ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب» پێشنیار دەکرێت، دوو پەیامی سەرەکی لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا هەیە: یەکەم، پێویستی وەرگرتنەوەی شوێنە گشتییەکان لە «سێکولاریزم» یان «بێباکی کۆمەڵایەتی»

> **ئەوەی ئێستا وەك « ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب» پێشنیار دەکرێت، دوو پەیامی سەرەکی لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا هەیە:**
>
> **یەکەم،**
>
> **پێویستی وەرگرتنەوەی شوێنە گشتییەکان لە «سێکولاریزم» یان «بێباکی کۆمەڵایەتی» هەروا کە مۆئمێن نەسەب سکرتێری ئەم ناوەندە ڕاگەیاند؛**
>
> **دووهەم:**
>
> **ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئامرازی وەرگرتنەوەی هێزی مرۆیی ڕێکخراوە و «ڕاهێنراوە»؛ واتە ئەوەی لە ئاستی مەیدانیدا لە شێوەی کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی جەستەی ژنان دەردەکەوێت. کاتێك «ڕووبەڕووبوونەوەی سێکۆلاریزم» بە فەرمی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی مرۆڤەکان پێشنیار دەکرێت، ئەوەی ڕوودەدات گۆڕینی بابەتێکی کولتوورییە بۆ میکانیزمێکی ئەمنی-ڕێکخراوەیی، کە ئایینی ستوونی دەبێتە هێزێك بۆ مومارەسەی دەسەڵاتی ئاسۆیی. کە هەوڵەکانی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە.**

هەروا کە مۆئمێن نەسەب سکرتێری ئەم ناوەندە ڕاگەیاند؛ دووهەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئامرازی وەرگرتنەوەی هێزی مرۆیی ڕێکخراوە و «ڕاهێنراوە»؛ واتە ئەوەی لە ئاستی مەیدانیدا لە شێوەی کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی جەستەی ژنان دەردەکەوێت. کاتێک «ڕووبەڕووبوونەوەی سێکۆلاریزم» بە فەرمی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی مرۆڤەکان پێشنیار دەکرێت، ئەوەی ڕوودەدات گۆڕینی بابەتێکی کولتوورییە بۆ میکانیزمێکی ئەمنی-ڕێکخراوەیی، کە ئایینی ستوونی دەبێتە هێزێک بۆ مومارەسەی دەسەڵاتی ئاسۆیی. کە هەوڵەکانی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە.

●ناچاری ئیدئۆلۆژیکی و شکستی مۆدێلی زۆرەملێ

لە چوارچێوەی ئێستای ئێراندا، سێ واقیعی سەرەکی هەن کە ئەم سیاسەتە لە ڕووی پێکهاتەییەوە ناعەقڵانی و مەترسیدار دەکەن:

١- قەیرانی بژێوی ژیان: هەڵاوسانی بەربڵاو، دابەزینی داهاتی ڕاستەقینە و زیادبوونی فشاری تێچووی ژیانی ڕۆژانە، ئەولەویەتەکانی کۆمەڵگایان بۆ بژێوی ژیان گۆڕیوە. خەرجکردنی سەرمایەی سیاسی و سەرچاوە مرۆییەکان بۆ ئەو پرۆژانەی کە نە بژێوی ژیان باشتر دەکەن و نە چارەسەرێک بۆ قەیرانە ئابوورییەکان دابین دەکەن، خۆی جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە خواستەکانی گشتی و کردنەوەی کەلێنی متمانە

٢- شکستی مۆدێلی زۆرەملێ: ئەزموونی پێشووتر لەگەڵ سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی نیشانی داوە کە گوشاری پۆلیس و میدیا لە گۆڕینی خووی قووڵی کۆمەڵایەتیدا بێ کاریگەرە و تەنانەت بەرهەمەکەی پێچەوانەیە- دەرئەنجامەکەی زیادبوونی خۆڕاگری و چالاکی مەدەنی و وەرینی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بووە.

٣- پارچە پارچەبوونی مەیدانی دەسەڵات: وەک دژایەتی فەرمی نێوان ڕاگەیاندنی بارەگا و ڕەتکردنەوەی بودجە لەلایەن حکومەتەوە دەریدەخات، هیچ هاوئاهەنگییەک لە نێو پێکهاتەکەدا نییە؛ فراکسیۆن و دامەزراوەکان لەسەر ئامراز و دەسەڵات لە ململانێدان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پرۆژەکان زیاتر هێمای کێبڕکێی دەسەڵاتی ناوخۆیین نەک چارەسەرێک بۆ قەیرانەکە.

کاردانەوەکانی مەیدانی – لە نافەرمانی مەدەنی تاکەکەسیەوە تا بزووتنەوە جەماوەرییەکان- ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو سیاسەتەی جێبەجێ دەکرێت ناتوانێت گوتاری نۆرماتیڤی خۆی بنیات بنێتەوە. هەروەها کە نوخبە ئایینی و سیاسییەکانیش دان بەم شکستە دەنێن: هەندێک هۆشداری ئەوە ئەدەن کە فەرمانی ئێفراتی ئاڵۆزی بە بار ئەهێنی «غەرویان»، هەندێ دیکەش هەوڵدەدەن بیانگوازنەوە بۆ باری کلتووری بۆ ئەوەی تێچووی سیاسی کەم بکەنەوە»تاهێری ئاکرادی».

بەڵام قسەی ئەو کەسانەی کە بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە ئەزموونی ڕابردوو شکستی هێناوە «فاتمە موهاجرانی وتەبێژی حکومەت» یان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە چارەسەر دەبێت زیاتر پێکهاتەیی و ئابووری بێت «پەرلمانتاری پێشوو، جەلال ڕەشیدی کوچی»، ئەم باسانە خۆی نموونەی دانپێدانان بە ناتەبایی نێوان دەسەڵاتە.

دەوترێت ئامانجی سەرەکی بارەگاکە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی سێکۆلاریزم و «بێباکی کۆمەڵایەتی». بەڵام ئەم زمانە لە هەوڵێک بۆ بنیاتنانەوەی هەژموونی ئایدیۆلۆژی زیاتر هیچیتر ناگەیەنێت. کاتێک وڵامی حوکمڕانی بۆ دابەزینی شەرعیەت بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە مرۆییەکان لە بواری داپۆشینیدا، بەو مانایەیە کە پێکهاتەی دەسەڵات مەیلی بۆ چاکسازیی پێکهاتەیی و ئابووری نییە و هەوڵدەدات پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوەی نەزمی نۆرماتیڤەوە بەڕێوەببات- ڕێبازێک کە لە واقیعی ئاڵۆزی ئەمڕۆی ئێراندا نەک هەر بێکەڵکە بەڵکو مەترسیدارە.

سێ ڕێگا ئەگەری لە پێشە:

١- جێبەجێکردنی زۆرەملێ: چڕکردنەوەی سەرکوت، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتییەکان و وەرینی قووڵتری شەرعییەت

٢. دراماسازی: ڕاگەیاندن و زیادەڕەویکردن لە پلانێک بەبێ سەرچاوە و جێبەجێکردن؛ پرۆژەیەکی نەمایشی کە خۆی هێمای بێدەسەڵاتی سیستەمەکەیە.

٣. کۆنترۆڵی درێژخایەنی سۆفتوێر: هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەک بە سیاسەتی کولتووری- پەروەردەیی؛ بەڵام سەرکەوتنی ئەم ڕێگایە بەندە بە چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و سیاسی و هەروەها کۆمەڵگای ئێران نیشانی داوە هەڵگری ئەو کلتورە نییە.

پاشەکی:

"ژووری ڕەوشی عیفاف و حیجاب" نموونەی هەمان سیاسەتی ڕەمزییە کە ساڵانێکە شەرعیەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای هەژموونی نۆرماتیڤ بەسەر جەستەی ژناندا بنیاتی ناوە. لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم پرۆژەیە ئامرازێک نییە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی متمانە بەڵکو نیشانەی بێهیوایی حوکمڕانییە. ڕێگای دەربازبوون لەو قەیرانە بۆ کۆمەڵگا و بۆ ئەوانەی ئازادی و دادپەروەرییان دەوێت، لە ڕاگرتنی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و هەنگاونان بەرەو سیاسەتی وەڵامدەرەوە و ئابووری و مافخوازانەدایە. بۆ هەموو هێزە مەدەنی و سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئەرکەکە ڕوونە: ئاشکراکردنی میکانیزمە هەژموونییەکان، بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکان و بەشداریکردن لە دیالۆگ لەگەڵ ڕای گشتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی فشاری ئەخلاقی و سیاسی و یاسایی لەسەر پێکهاتەیەک زیاد بکات کە مانەوەی خۆی بەستووەتەوە بە کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنانەوە.

دەسەڵاتێک کە بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ کۆنترۆڵی زۆرەملێی جەستەی ژنان ببات، نەک هەر شەرعیەتی خۆی لەدەست داوە بەڵکو نیشانی دەدات کە توانا و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییە مەدەنی و ئابوورییەکانی خەڵک نییە. پرۆژەی «ژووری دۆخی عیفاف و حیجاب» زیاتر بەڵگەنامەی دابەزینی شەرعییەتی نەک ئامرازێک بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی.

# توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێت



پڕشنگ محەممەدی

ژنان لە هەموو شوێنەکانی کۆمەڵگا تووشی توندوتیژی دەبنەوە. لەماڵی باوک و دایکیان، لە لایەن باوک و برا تەنانەت برای چکۆلەتر لە خۆیان. لە ماڵی خۆیان لە لایەن هاوسەر و تەنانەت کوڕی خۆیان. لە شوێنی کار لە لایەن خاوەن کار و هاوکارانی پیاو. لە شەقام و پارک و کۆڵانان کاتی پیاسەکردن و گەڕان و... و هەروەها لە لایەن دەسەڵاتی حاکم بە وڵات بە هۆی ئەو یاسا دژە ژنانەی دانراون و ژنان وەکوو ڕەگەزی دووهەم دادەنێن و مافیان پێشێل دەکەن. توندوتیژی دژ بە ژنان تەنیا کوتان و لێدان و خوێناوی کردنی جەستە نییە! توندوتیژی دیاردەیەکی فرە ڕەهەندییە و نموونە دیارە و بەرچاوەکانی ئەمانەن:

جەستەیی: ئازار گەیاندن بە جەستە، پرچ کێشان، لێدان.

دەروونی: گاڵتە کردن بە ژنان، جنێو و لاتاو، چەند هاوسەری و لێ ئەستاندنی ئازادی کەسی.

ئابووری: دەسگرتن بەسەر ئابووریی خانەوادە لە لایەن پیاوان و بێبەشکردنی ژنان.

ڕەگەزی: ناچار کردن بە سێکسی نابەدڵ لە لایەن هاوسەرەوە، دەست درێژیی سێکسی، بازرگانیکردن بە جەستەی ژنان.

سیاسی: بەرگرتن بە گەشە و پێشکەوتنی ژنان لە ڕێگەی دانانی یاسای دژ بە ژنان.

زۆربەی دەروونناس و کۆمەڵناسان لەو بڕوایەدان توندوتیژی دژی ژن بە سێ شێوە دەکرێ:

- جەستەیی (کوتان و لێدان)؛ - سێکسی ( دەست درێژی سێکسی یا بەزۆر پەیوەندی گرتنی سێکسی تەنانەت لەلایەن هاوسەریشەوە)؛ -دەروونی ( قسە و نێو نیتەکە و ئازاردانی ڕوحی ژن)؛ کە گەر لە باسەکە وردتر ببیەوە زۆرجار توندوتیژی دژی ژن لەباری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیش ڕوودەدات. توندوتیژی، بێباوەڕی و زەوتکردنی مافە ئینسانییەکانی ژنە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە.

توندوتیژی کاتێک ڕوودەدا کە کچێک ناچارە بۆ درێژەدان بە خوێندن، بۆ کارکردن ، بۆ چوونەدەرەوە لەماڵ و بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک ئیجازەی باوک و برا، تەنانەت برای چکۆلەتر لە خۆی وەرگرێت و ئەگەریش ژیانی هاوبەشی پێک هێنا ئیجازەی مێردەکەی! کاتێک ڕوودەدا کە لە کۆمەڵگادا کچێک کە نایەوێ یان بۆی نەڕەخساوە ژیانی هاوبەش پێکبێنێ سووک چاوی لێدەکرێ و بە قەیرە ناودەبرێ. توندوتیژی ئەو نێونیتکە و قسە ناشایستانەیە کە لە شەقام و کۆڵان بە ژنان دەکوترێ! ئەو نیگاهە هەرزانەیە کە وادەکا ژن نەتوانێ بە ئاسوودەیی هاتووچۆ بکات! ئەو بڕیارە تاک لایانەی کۆمەڵگەیە کە بێ لەبەرچاو گرتنی ویست و تواناییەکانی ژن بۆ ئەنجامدانی زۆر کار بە شیاوی نازانێ و ڕێی لێدەگرێ! ئەو کاتەی وێڕای زۆرتر بوونی ژمارەی ژنانی خوێندەوار لە دام و دەستگا ئیداریی و حکومییەکان کەمتر لە پیاوان وەردەگیرێن و موچەی مانگانەشیان لە پیاوان کەمترە! توندوتیژی کەڵک وەرگرتنی ئەبزاری لە ڕوخسار و ئەندامی ژنانە بۆ پەرەپێدان بە فرۆش و زۆر بوونی کڕیار! توندوتیژی ئەو قەفەسە تەنگەیە کە بە نێوی سروشت و داب و نەریت و پشتیوانیی ئایین و دەسەڵات ژنانی تێدا یەخسیر کراون و ناچاری دەکەن بەو کارانەی کە بەدڵ پێی خۆش نییە بیکات: ئەوەی کە نەهێڵن

**لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەو پیاوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن کێشەی دەروونیان هەیە. ئەو پیاوانەی بە منداڵی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی بنەماڵەکەیان کراوە. پیاوانی بێ مەسئولیەت و بێتاقەتن و ئەو پیاوانەی هەست بە پووچی دەکەن. زۆرتر توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن. زۆربەی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێکار و بێ داهاتن و ژیانیان لەباری ئابوورییەوە بە پیاوانی خانەوادەکەیانەوە بەستراوەتەوە و ڕاوەستان لە بەرانبەر زوڵم و توندوتیژیی پیاوان مەترسیی بێبژیوی و ئاوارە بوونیان دەخاتەسەر. لە لایەکی دیکەشەوە زۆریەك لە بنەماڵەکان لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای بە کولتوری کۆن تەنراودا جیابوونەوە لە هاوسەر بۆ کچان عەیب و ناشیرینە، کچەکانیان ناچاردەکەن درێژە بە ژیانێکی هاوبەشی نەخوازراو و پڕ لە زوڵم و توندوتیژی بدەن.**

دەرس بخوێنێت، نەهێڵن کار بکات، لە تەمەنی خوار ١٨ساڵ بە شووی بدەن، نەهێڵن بە دڵی خۆی پێبکەنێت، بگەڕێ، بیر بکاتەوە و بژی. توندوتیژی ئەو بێ باوەڕی و سنوور دانان بۆ ژنانە کە وا دەکا خۆشیان خۆیان پێ کەم بێت! کاتێک ژنێک گومانی هەیە بە خۆی و مرۆڤ بوون و تواناییەکانی و پێی وایە ئەگەر کوڕی نەبێ، مێردی نەبێ یان برای نەبێ بێهێز و زوڵم لێچووە و دەبێ بەزەییت پێیدابێت! کاتێک ژنێکی کورتەباڵا پێی وایە بۆ وەبەرچاو هاتن، پێویستە کەوشی ڕق و تەقی پاژنەبەرز لەپێ کات، یان بۆ جوانتر وەبەر چاو هاتن پێویستە ڕوخسار و لەشی خۆی بخاتە ژێر چەقۆی نەشتەرگەری! کاتێک ژنێک پێی وایە تەنیا خاڵی گرینگی ئەو وەک مرۆڤ ڕوخسار و لەش و لاریەتی و بۆ فرێدانی زبڵیش دەبێ بچێتە بەر ئاوێنە و دەستێک بە ڕوخساری دابێنێ! کاتێک کچێک بۆ بە دەست هێنانی دڵی کەسی بەرانبەری، پشت لە کەسایەتی خۆی دەکا و هەمووی وجوود و بیروباوەڕەکانی خۆی دەگۆڕێت! توندوتیژی وەک پەتا وایە و لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، واتا بوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگە و دەسەڵات دژ بە هاووڵاتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بە گشتی لە کۆمەڵگادا. توندوتیژی باوک و دایک دەبێتە هۆی توندوتیژ بار هاتنی منداڵان! جیا لە کاریگەری کۆمەڵگە و بنەماڵە زۆرجار لەوانەیە ڕووداوێکی سروشتی یان خراپی باری ئابووری و باری دەروونی (وەک ترسێک یان خەمێکی نادیار لەناخی مرۆڤدا) ببێتە هۆی تووڕەیی و دڕندە خوویی کە بە توندوتیژی دژی مرۆڤەکان خۆی دەردەخات! بۆیەش یەکێک لەباشترین ڕێکارەکان بۆ پێشگیری لە توندوتیژی نەتەنیا گرینگیدان بە قوربانی بەڵکوو گرینگیدان بە تاوانبار و ڕوون کردنەوەی هۆکارەکانی ئەنجام دانی توندوتیژی لەلایان ئەو و پاشان ئیسلاحی کەسایەتیی توندوتیژیکارە. توندوتیژی باوک و تەنانەت دایکیش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر منداڵەکان دادەنێت و لە زۆربەی حاڵاتدا کوڕانی توندوتیژ یان بە پێچەوانە ترسنۆک و بێ دەست و پێ وەبار دێنێت و دەبێتە هۆی بەخۆدا شکانەوەی کچانی بنەماڵەکە و ترس لە پیاو.

توندوتیژی دژی ژن، مناڵ و بەگشتی دژی مرۆڤ تاوانە و جۆرێک نەخۆشی دەروونییە و هیچ کات، هیچ تاکێکی کۆمەڵگە نابێ دژی هیچ شێوەیەک لە توندوتیژی بێدەنگ بێت، بەڵکوو پێویستە بێدەنگی بشکێنێت و کەسی توندووتیژکار وەک نەخۆشێک دەرمان و چارەسەر وەربگرێت.

ژنان لە زۆربەی حاڵتدا بێدەنگی وەک چارەسەرێک لەبەرانبەر توندوتیژی هەڵدەبژێرن! زۆربەی ژنان، تووڕەیی و توندوتیژی پیاوەکەیان وەک ڕەفتارێکی ئاسایی پیاو لەبەر چاو دەگرن و لە بەرانبەریدا بێدەنگ دەبن، لە حاڵێکدا ئەو ڕەفتارانە بە هیچ شێوە ئاسایی نین و دەبێ بە هاوکاری دەروونناس ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە ئەگینا ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیانە لە درێژخایەندا کاریگەری خراب لە سەر باری دەروونی هەمووی تاکەکانی ئەو بنەماڵەیە دادەنێت.


لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەو پیاوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن کێشەی دەروونیان هەیە. ئەو پیاوانەی بە منداڵی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی بنەماڵەکەیان کراوە، پیاوانی بێ مەسئولیەت و بێتاقەتن و ئەو پیاوانەی هەست بە پووچی دەکەن، زۆرتر توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن. زۆربەی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێکار و بێ داهاتن و ژیانیان لەباری ئابوورییەوە بە پیاوانی خانەوادەکەیانەوە بەستراوەتەوە و ڕاوەستان لە بەرانبەر زوڵم و توندوتیژیی پیاوان مەترسیی بێبژیوی و ئاوارە بوونیان دەخاتەسەر. لە لایەکی دیکەشەوە زۆریەک لە بنەماڵەکان لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای بە کولتوری کۆن تەنراودا جیابوونەوە لە هاوسەر بۆ کچان عەیب و ناشیرینە، کچەکانیان ناچاردەکەن درێژە بە ژیانێکی هاوبەشی نەخوازراو و پڕ لە زوڵم و توندوتیژی بدەن.

ژمارەیەکی دیکە لەو ژنانە لەبەر ئەوەی جیابوونەوە یان ڕاوەستان لەبەرانبەر هاوسەر ژیانی منداڵەکانیان دەخاتە مەترسی، دەم ناکەنەوە و هەمە جۆرە لەبەرانبەر توندوتیژیدا خۆ ڕادەگرن و ئاگاداری ئەوە نین کە لەوانەیە ئەو کارە کاریگەرییەکی خراپتر لەسەر منداڵەکانیان دابنێت. یەکێک لە خراپترین هۆکارەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان درێژە بەم جۆرە ژیانە بدەن ئەوەیە کە ژنانێک هەن کە پێیان وایە، توندوتیژی نواندنی پیاوان نیشانەی گرینگیدانیان بە ژنەکانیان یان خۆشەویستیی ئەوانە!! واتە ئەوە بە ڕەفتارێکی ئاسایی پیاوانە دەبینن!!

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان لە کاتی شەڕ، جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی دژ بە ژنانە کە لە زۆربەی شەڕەکاندا وەک شێوازێک بۆ بە چۆکداهێنانی بەرانبەر لە ڕێگەی بێڕێزی کردن و چکۆلە کردنەوەی ژنانەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ. جەستەی ژنان وەک بەشێک لە گۆڕەپانی شەڕ دێتە ئەژمار. زۆربەی جار جەستەی ژنان وەک غەنیمەتی شەڕ چاولێدەکرێ، یان لە ژێر ناوی خەسارە لاوەکییەکانی شەڕ لە بەر چاو ناگیرێ. لە شەڕی جیهانی دوویەم نزیکە ١٤ هەزار ژنی ئاڵمانی، ئینگلیسی و فەڕانسەوی لەلایان سەربازانی دوژمن دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر. لە شەڕی داعەش، بە هەزاران ژنی کوردی ئیزدی لە لایەن داعەشەوە ڕفێنران و بوونە کۆیلەی سێکسی و تا ئێستاش چارەنووسی ٣٥٠٠ کەس لەو ژنانە نادیارە. زۆربەی ئەو ژنان پاش تەواو بوونی شەڕ تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن و ناتوانن وەک مرۆڤێکی ئاسایی درێژە بە ژیان بدەن. نەتەوە یەکگرتووەکان دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان لە کاتی شەڕدا وەک، تاوان دژی مرۆڤایەتی باس دەکات.

دەبێت سەرنج بدەین کە گێڕانەوە و بەسزاگەیاندنی دەستدرێژیکار نابێت کۆتایی ڕێگا بێت، بەڵکوو ئامانجی ئێمە دەبێ بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵ بەرەو داخوازییە بنەڕەتییەکان بێ کە دەست لەسەر توتدوتیژی بنەمایی دژی ژنان دابنێت و ببێتە هۆی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان. گرینگ نییە کە توندوتیژی چۆن ڕوو دەدات! چ لەباری جەستەیی، چ لە باری سێکسی، چ بە قسە و چ لەباری ئابووری، توندوتیژی وێرانکەرە، نامرۆڤانەیە و دەبێ ڕابگیرێ.

# بانگەوازەکانی جەلال مەلەکشا، هاواری زوڵاڵ، بە هەیبەت و شۆڕشگێڕانە دژی زوڵم و زۆرداری و زیندان



بێهرووز مەلەکشا

گەورە شاعیرو نووسەرو رۆژنامەوان و بیرمەندی کورد ، لە ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی (١٩٥١ی زایینی ) لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر، لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لەدایک بووە و هەر لەو شارە خوێندوویەتی و گەشەی کردووەو بڕوانامەی دیپلۆمی ئەدەبی وەرگرت. کاک جەلال هەر لە منداڵی و مێرمنداڵییەوە هۆگری شێعرو نووسین بووە و لە سۆنگەی مام (عبدالر×ا) یەوە کە کەسایەتێکی خوێندەوارو شارەزای زمان و ئەدەب و مێژوو بووە ، ئاشنا دەبێ لەگەڵ بەرهەمی زۆربەی گەورە شاعیرانی کوردو فارس و.. هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە دەس دەکات بە نووسین .

زۆربەی شێعرو چیرۆک و ڕەخنەو دەق و نووسێنە ئەدەبییەکانی جەلال هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە لە دەییەکانی چل و پەنجای هەتاوییەوە لەزۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوە بە هێزو پڕ خوێنەرەکانی ئەو سەردەم چاپ و بڵاو دەکرێەتەوە و جەلالی لاو بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی چاپکراوی وەکوو کتێبی هەبێ، بە هۆی بەهێزوپێزی نووسینەکانییەوە دەبێ بە ئەندامی ”کانوونی نووسەرانی ئێران“ و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێران و لەوانە : ئەحمەدی شاملوو ، ئەخەوان سالیس، جەلال ئال ئەحمەد ، هووشەنگ گوڵشیری، مەحموود ئێعتمادزادە و..لەم کانوونەدا بەشدار بوون و لە ڕاستیدا ئەمانە بۆ خۆیان لە پێکهێنەرانی کانوون بوون و بەشدارو ئەندام بوون و جەلال لە کۆبوونەوەکانی ئەم کانوونەدا سەیرو سەمەرە دەینواند و لەم سۆنگەوە لەبەر نەبوونی هیچ کتێبێکی چاپکراو ، پێیان دەگووت، ” جەلالی لا کیتاب ” واتا جەلالی بی کتێب .

روانگەی سیاسی و بە گشتی نووسین و چالاکییە ئەدەبی و ڕەخنەگرانەکانی جەلال لە ژێر کاریگەری ڕەوتی چەپی زاڵ بەسەر کۆڕ و کۆمەڵە رۆشنبیریەکانی ئەو سەردەم شکڵ دەگرێت و گەشەدەکات .

مامۆستا جەلال لەم سەردەمەو دواتریش ئاشنایەتی و نیزیکایەتی لەگەڵ ئەخەوان سالیس و شاملوو هەبووەو زۆر شتی کە دەینووسی بۆیانی دەناردو وەڵامیان دەدایەوە و گوایە شاملووی مەزن هۆگری و عەلاقەیەکی تایبەتی بە جەلال و کارەکانی هەبووە . هەر بۆیە زۆرێک لە شێعرو چیرۆک و بابەتە ئەدەبییەکانی لە دونیای سوخەن و دواتریش گۆڤاری جومعە لە لایەن شاملووەوە چاپ و بڵاودەکرایەوەو ئەگەریش لە ژمارەیەکدا بەرهەمی جەلال نەبوایە ، دەینووسی کە بەداخەوە ئەمجارەو لەبەشی ئەدەبیدا بەرهەمێکمان لە مەلەکشا نێە.

ئەحمەد شاملوو لە دانیشتنێکدا و لە هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی مامۆستا جەلالدا وەکوو پێداهەڵگوتنی لەسەری، لەیەک دوو رستەدا دەڵێ: ” مەلەکشا شاعیرێکی سادق و راستبێژەو نووسین و شێعرەکانیشی هەر بەوشێوەیە سادقانەیەو هیوام وایە کە ببێت بە شاعیرێکی باش□”.

ئەوەی لە پێوەندی کاک جەلال و مامۆستا شاملوودا گرینگ بوو ، وەڕگێرانی شێعرو بەرهەم و دەقە کوردییەکان بوو کە مامۆستا جەلال لەو سەردەمەدا هەوڵی بۆ دەدا و دەیکردو هەروەها ورگێڕدراوی بەرهەمی شاعیرانێک وەکوو ” مامۆستا شیرکۆ بێکەس ، عبدوڵا پەشێو ، لەتیف هەڵمەت ، جەوهەر کرمان و □ لە گۆڤاری کتێبی جومعەی شاملوودا ، چاپ و بڵاودەکرانەوە .

هەر لەوسەردەمەدا بە هۆی چاڵاکی سیاسی دژ بە ڕژیمی پاشایەتی و بە هۆی نووسین و بەرهەمە رەخنەگرانەکانییەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەکەویتە ژێر ئەشکەنجەو لێپرسینەوەو زیندان و دواتر و پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بە هۆی بیرو باوەری سیاسی و بۆچوونی جیاوازو رەخنەگرانەوە بۆ چەندین جار لە لایەن کۆماری پەت وسێدارەشەوە زیندان کراوەو بەشێکی زۆر لە ژیانی لەدەردو رەنج و دژواریدا و لەبەر نووکە شەقی چارەنووسدا بووەو وەک خۆی دەڵێ ” بەشێک لە شێعرە بەهێزەکانی زادەی کونجی زیندان و کاتی کەلەمچەو گیرانن .

جەلال مەلەکشا هاوکات لەگەڵ راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، لەعاوی قەڵەمی دەگێرێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و بە پێی ئەزموونی سەرکەوتوانەی لە زمانی فارسیدا ، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە زمانی کوردیشدا دەبێ .

سێ کوچکەی نوێخوازی شێعری کوردی دوای گۆران لە کوردستانی رۆژهەڵات ، سوارەی ئیلخانی، چاوەی شێخولئیسلامی و عەلی حەسەنیانی بوون کە لە دەیەی چلی هەتاویدا ڕچەیان شکاندو رێگەیان کردەوەو بە دوای ئەواندا نەوەیەکی نوێ لەشاعیرانی کوردی بێژ لە سەردەمی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و ساڵانی دواتردا پێگەیشتن و گەشەیان کردوو ڕەچەیان کرد بە شاڕێ.

جەلال مەلەکشا یەک لەوان و بە بڕوای زۆر کەس ، ئەستێرەی پرشەنگداری ناوێان بوو.

جەلال لە سەردەمێکی تایبەتیدا ڕسکاو پێگەیشت و وەکوو هەموو هونەرمەندانی ڕاستەقینە ، ڕۆڵەی سەردەمی خۆی و نوێنەری ئاوات و هیواو خەونەکانی سەردەمی خۆی و هەروەها نوێنەری هەڵە و خەسارو خەمەکانی ئەو سەردەمە بووە.

ئەو دەنگێکی زادەو هەڵقوڵاوی ناو ناخی مێژووی راپەڕین و شکست ، تێکۆشان و قوربانی ، ستەمکاری و نامرۆڤایەتی داگیرکەرو ژیانە □ . کوردو بە تایبەت بارودۆخی فەرهەنگی و سیاسی ئەوسەردەمەیی ئێران و کوردوستان و بە تایبەت شاری سنە بوو.

بانگەوازی شێعری جەلال دەرەنجامی چەشنی راستەو خۆی زوڵم و زۆرداریی و زیندانە تاریکەکانی سەردەمی شای گۆڕبەگۆڕ و کۆماری پەت و سێداریەو بەڕوون و ئاشکرایی سیما و مۆرکی بێ نیشتمانی بێ ئازادیی و بێ دەوڵەتی کوردیان پێوە دیارە .

کاک جەلال کە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەملاوە بە شێوەی جیدی دەست دەکا بە نووسین بە زمانی کوردی ، پاش دامەزراندنی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ لە لایەن مامۆستا هێمنەوە بانگهێشت دەکرێت و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و رۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروەو بەر پرسیارەتی بەشەکانی شێعرو چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەرانی وەئەستۆ دەبێت و هاورێ لە گەڵ ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی ، رەحیم لوقمانی، سوارە □..، ساڵح سووزەنی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتیکی بەرچاو بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی هاوچەرخی کوردی دەکەن . بە بروای زۆر کەس گۆڤاری سروە لە کاتی بەشداری جەلال و قازی و ئەو کەسانەی ئاماژەی پێدرا، لە ئاستێکی بەرزدا کاری دەکردو لە راستیدا ببوو بە هەوێنی خزمەت لە زۆر بواردا وخزمەتێکی باش و زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد .

مامۆستا جەلال دوای واز هێنانی لە گۆڤاری سروە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ واز لە چالاکی و کاری رۆژنامەوانی دەهینێ و چەند ساڵێکیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبێ و لەوێ سەرنووسەری گۆڤاری پرشنگ بووە کە پێنج ژمارەی لێ چاپ کراوە و دواتریش بۆماوەی چەند ساڵ لە دامەزراوەی فەرهەنگی و ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە شاری ورمێ چالاک و سەرقالی راهێنان و پەروەردەی نوسەران و ئەدەبیاتی گەنجی کورد بووە و دوای ئەوەش تا دوا ساڵەکانی ژیانی ئەگەرچی واز لە کاری رۆژنامەوانی دێنێ ، بەڵام بە بەردەوامی سەرقاڵی راهێنان و پەروەردەی نووسەران و ئەدیبانی گەنج بووە.

ئەگەرچی کۆی بەرهەم و دەس نووسەکانی مامۆستا جەلال لەکاتی داگیرکردنی شاری سنە لە لایەن داگیرکەرانی پەت و سێدارەوە ئاگریان تیبەردراو سوتێندران ، بەڵام لەبواری شێعرو چیرۆکی کوردی و فارسیدا خاوەن گەلێک بەرهەمەو هاوکات لەبواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و خاوەن گەلێک بەرهەمی وەرگێڕدراوی گرینگە ، کە بە هۆی بێ دەرەتانی و هاوکات سانسۆری دامودەزگا فەرهەنگیەکانی ئێران ، تەنیا دوو کۆمەڵە شێعرو کۆمەڵە چیرۆکێکی بە شێوەی کتێب لێ چاپ و بڵاوکراونەتەوە .

شێعرەکانی مامۆستا جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ، لیبیایی ، سۆئیدی و □ وەرگێردراون .

شێعری جەلال مەلەکشا، یەکیک لە شێعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاو چەرخی کوردە . شێعری جەلال ، سادە ، بێ گرێ و گۆڵ ، و هاوکات رەسەن و تەژییە لەماناو لێوانلێو لە خەم و بڕک وژان . ژیانی ئەستەم و دژواری خۆی کاریگەرێکی یەکجار مەزنی لەسەر شێعرو نووسینەکانی داناوە .

ئەو مرۆڤە هەست ناسک و بە بیروباوەڕ و خاوەن هەڵوێستە کە هەتا سەرو هەتا دواهەناسەی لە پێناو ئازادی و یەکسانی مرۆڤ مرۆڤ و بە خەونی سەربەستی نیشتمانەوە ژیا ، زۆر باش توانی بە خۆ دوورگرتن لە دروشم و بە ناسینی جەوهەری شێعر و مێژووی کوردی ،

...بۆ ل ٩

## درێژەی لاپەڕەی ٨

زۆر زۆر لە نێو دلی جەماوەری کوردستاندا ، جێگای تایبەت بە خۆی پەیدا بکات . بۆیە خۆی و شێعرەکانی بوون بە بشێکی دانەبڕاو لە کۆمەلگای کوردستان بە تایبەت خەڵکانی شۆڕشگێڕ و نیشتماندۆست و لایەنگری ئەدەبی بەرگری و بەهۆی بەردەوام بوونی لە کوردایەتی و ئازادیخوازی سەرەڕای ڕەنج و ئازارو ئەشکەنجەو زیندان و ئاوارەیی و مانەوەی لە بەرەی خەڵک و تەرجیح دانی کونجی قەناعەت بە سەر چڵکاوخۆریدا ، بوو بە نموونەیەکی زۆر دەگمەن لەو هونەرمەندانە کە هەموویان بەدەر لە جیاوازی بیروڕا، خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێدەگرت و بە ئی خۆیان دەزانی و لە واقیعدا جەلال بە شێعرو نووسینەکانی هیندە لەگەڵ ویست و خواستەکانی کۆمڵگە تێکەڵ ببوو کە تاک بە تاکی خەڵکی کورد خۆی و ئاواتەکانی لە شێعرەکانی ئەودا وێنا دەکردو هەستی بە سوکنایی ڕۆحی دەکرد و لەم سۆنگەوە ببوو بە موڵکی سەرجەم خەڵکی کوردستان و ئەوەی جەلالی بەوئاستە لەخۆشەویستی و ناسراوی گەیاند ، خەڵکی بوون و دەردەستی و بە هەڵوێست بوونی ئەو شاعیرە مەزنە بوو کە هەرچەندە خۆی وتەنی کەوتبووە بەر نوکی شەقی چارەنووس . بەڵام هیچ کات قەڵەمی نەبردە قوربانگای دەسەڵات و نان و ئاو !

شێعری جەلال لە لایەک لە ڕەهەندەکانی ژان و ئازارە ئینسانیەکان و کەم وکوڕی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت و لە لایەکی دیکەشەوە باسکردن لە ڕەوش گوزەرانی تاکەکەسیی خۆی ، ژانە ڕۆحیەکان و زەخت و گوشاری ژیانی لە خۆگرتووە.

بەرهەمەکانی مامۆستا جەلال هاواری سەردەمێکی تەواو سامناک و پڕلە ستەمکارییە ، دەنگێکە کە لە قەیرانی بیروبۆچوونەکان و قاتوو قری ئینسانیەت و کورد بووندا نەعرەتەی خۆی هەڵبڕیوە. هاوکات شێعری جەلال شێعرێکی قووڵ، هەرمان و هەڵگری توخم و موتیڤە ئوستوورەیی و مێژووییەکانە . ڕوانگە فەلسەفییەکانی و شارەزایی لە بواری چەمکە ئەفسانەییەکان ، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی مامۆستا جەلالن کە لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

جەلال مەلەکشا بە کۆمەڵێ بەرهەمی شێواز تایبەت و زیندووی بارگاوی بەڕەگەزەکانی کوردبوون و بانگی ئازادی و بیرو هزری مرۆڤایەتی ، جوانی نیشتمان و ڕۆحی بەربەرەکانێ و بەگژداچوونەوەو دەسەڵاتی بێگانە، قارەمانێتی ژێر ئەشکەنجەو ژووری تاریکی زیندانەکان ، هەر زوو ناسنامەی تایبەتی و کەسی و شێعری خۆی بەدەستهێناوەو بە پێناسەو ڕێچکەو سەبکی تایبەت بە خۆیەوە چۆتە نێو کایەی ڕۆشنبیریی و سیاسی کوردییەوە. مەلەکشا لەکات و ڕۆژگارێکدا ئەم هونەرو جوانییە تۆمار دەکات کە ژیان دەرەتانی زۆر شتی لێ بڕیبوو و لە ڕووبەڕووی مەملەکەتێکدا ئەم هەڵوێستەی تۆمار دەکرد کە دەسەڵاتێکی خۆیناوی و ستەمکارو دواکەوتووی داگیرکەر حاکمی زاڵە بەسەریەوە ، ئەم دیاردەو سیفەتەش بۆتە نهینی و ڕازی گەورەیی و سەرکەوتنی ئەم شاعیرەو جوانی و پیرۆزی و نرخی بەرزی بەخشیوە بە جیهانی شێعرو بەرهەمەکانی .

بێ گومان کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی بەرهەمەکان ڕێبەرو ڕێچکە ئەدەبێ یەکانی مامۆستا مەلەکشا لەسەر ڕەوتی شێعرو ئەدەبی کوردیی و بە تایبەت ئەدەبیی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارو حاشا هەڵنەگرەو تا شێعرو وشەو زمانی کوردی بمێنێ ، جەلال و شێعری جەلالیش دەمینێت و وشە یاخییەکانی بۆهەتا هەتایە لە سەنگەری شاخ و شاری کوردستاندا ، بۆئازادی و سەربەستی هاوار دەکەن و هیوای دواڕۆژی هەژاران و چەوساوەکانەو لە دڵی سەرجەم ئەویندارانی ئازادی و یەکسانیدا خورپەی دێت.

شێعری جەلال سنورە دەسکردەکانی دەشێواندو ئاواتەخوازە کە کاوەی کوڕی بە بێ بەربەستی سنوورە دەسکردەکان ، لە سنەوە سەفەر بۆ سلێمانی ، قامیشلی و دیاربکرو □ بکات و لە زاری دارە پیرەی نیشتمانەوە بە گوێ دەشتی کۆمەڵگاوە هاوار ئەکات " وەرن بە هێلانە شێواوەکەمان بکەینەوە بە نیشتمان، نەبینە پوازی بێگانەو وڵاتە دابەش کراوەکەمان بدۆزینەوە .

جەلال بە هۆی تێکۆشان بۆ بەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانیەکان زیاتر لە سێزدەساڵی ژیانی لە زیندانەکانی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و ڕژیمی ئێستادا تێپەڕکردوو زۆربەی شێعرە شۆڕشگێڕەکانی بەرهەمی زیندانن و ئەگەرچی شێوەیەک لە نهێلیسم لە سەرەتای شێعرەکانیدا بەرچاو ئەکەوێت و سەرەڕای دەردو چەرمەسەرێکی زۆر بەڵام جەلال کەرامەت و خۆڕاگری و سەربەستی و پێداگری خۆی دەپارێزێت و هیچ کات لە ئاست ڕۆژ مەرگی و سوننەتەکاندا سەر نەوی ناکات و ئامانج و ئاواتەکانی ناکات بەقوربانی نان و ئاو . جەلال مەلەکشا کە لە هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکدا و تا دوا هەناسە وەک ڕۆڵەی بە ئەمەگ و تێکۆشەرو وەفاداری نیشتمان ، لەگەڵ خەڵکەکەی مایەوەو لە پێناو سەربەرزی و زمان و شکۆی شێعردا چەرمەسەری و ئازاری زۆری دیت ، بەڵام لە هیچکاتدا ڕەنج بەخەسار نەبوو.

دەق و ڕەخنە

# خوێندنەوەی شێعرێکی ڕەزا بەراهەنی



سۆران محەمەدی

«پرسیار»

تۆ(١) چ خوێن شیرینی ئەی ژن
بەتایبەت
کاتێ کە لە نێوان دوو ئەشکەنجەدا دێیتە خەونم
دڵم، هەڵبەت، خێراتر لێدەدات
بەڵام نازانم
بەبۆنەی ئەم خەونە سەوزەیە وا خونچە دەکات؟
یان بەهۆی ئەشکەنجەیێک کە چاوەڕوانی شانە لەرزۆکەکانن؟
هەمیشە لە خۆم دەپرسم:
بۆ ئەو ساتانەی کە لەگەڵ تۆ(٢) نەبووم، لەگەڵ تۆ(٣) نەبووم؟
وە لە نێوان دوو ئەشکەنجەدا
ئەم پرسیارە، بەردەوام بەرانبەرم وەک نیگایەکی ڕەمزاوی ڕاوستاوە
بڵێی سەردەمێک بێت
کە من دیسان بە ویستی خۆم لە تەنیشتی تۆ(٤)دا ببم،
یان لە تەنیشتی تۆ(٥)دا نەبم؟
ئەوسا چلۆن ئەگونجێ بیر لەوە بکەم کە بمهەوێ تەنانەت
چرکەیەک لە تەنیشتی تۆ(٦)دا نەبم؟
«ڕەزا بەراهەنی»

وەرگێڕ: سۆران محەمەدی

● بۆ ئەوەی لە واتای وشەی (تۆ) کە لە چەند شوێنی ئەم شیعرەی بەراهەنیدا ئاماژەی پێدراوە بگەین(ژمارەکان من دامناوە)، ڕەنگە یەک لە باشترین خوێندنەوەکان ئەوەبێ کە ئاوێزانی بوارە سێ ڕەهەندییەکانی لەکان ببین. زۆر بە کورتی ئێمە لە دەروونشیکاریی لەکانیدا سێ ڕەهەند لە کەسایەتیمان هەیە، ئەم بەستێنانە وەکوو بازنەیەک بە پێی قۆناغی گەشەی مرۆڤ پێناسە دەکرین و لە ڕێکەوتی سەردەمی لەدایکبوونەوە بە سووڕانێکی کاتژمێریی دێنە ئاراوە؛ ڕەهەندی واقیع، ڕەهەندی خەیاڵی، ڕەهەندی هێما و دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی خەیاڵی.. و کۆتا ڕەهەند، ئەمری واقعیی مەرگە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یەکەم ڕەهەندێک کە منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە ڕەهەندی واقێعە کە لە کاتی زاییندایە و منداڵ لە دایک دەبێ و یەکەم هەنگاوی بۆ جودا بوونەوە لە دایکی هەڵدەگرێ کە واتە شوناسێکی سەربەخۆی لە دایکی هەیە، بەم قۆناغە دەڵێن جودایی یەکەم لە پاژی واقیع، لەم ڕەهەنددا، هیچ غیاب و لەدەستدانێک لە بواری واقیعدا نییە، دەستڕاگەیشتن بەم ڕەهەندە کاتێکە کە بەربەستی زمان دەشکێت. هەڵبەت مەبەستی لەکان لە واقیع، چەمکی ڕاستەقینە نییە بەڵکوو ئەو پێی وایە «پاژی واقیع» بابەتێکی بەڵگەژیرانە نییە و ناچێتە ناو سیستەمی زمان و پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولەوە. بۆیە هەرگیز ناتوانرێت دەستی پێڕابگات. منداڵ لە شەش مانگی بەدواوە پێ دەنێتە نێو ڕەهەندی خەیاڵین کە جەستەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ و هاوشێوەسازی لەگەڵ وێنەی خۆی دەکا، بەڵام لە ئاوێنەدا جگە لە خۆی کەسێکی دیکەش دیارە و ئەویش دایکە کە منداڵ بە هەڵە ئەوە بە وێنەی خۆی دەزانێ و جەستەی خۆی و دایکی لکێندراو پێکەوە دەبینێت، واتە پاژی خەیاڵی لە گەڕانێکی بێکۆتایی بە شوێن خۆیدایە. بەو وێناگەلەی کە لە دوو ڕەهەندی واقیع و خەیاڵی لە مێشکیدایە، منداڵ ڕووبەڕووی جیهانی نیشانەکان دەبێتەوە و فێری زمان دەبێت و ڕەهەندی هێما دەست پێدەکات، زمان هەمیشە پەیوەندی بە غیاب و نەبوونەوە هەیە. لەکان دەڵێ کاتێک ئەو شتەی کە دەمانەوێ لە بەردەستدا نەبێ جا وشە بەکاردێنین. ئەگەر دونیای ئێمە هەموو شتەکانی لە بەردەستماندا دابینی بکردایەت و هیچ نەبوونێک نەبواییێت، ئەوا ئیتر پێویستیمان بە زمان نەدەبوو.

بەم دەسپێکە خێرایە ئەم شیعرەی بەراهەنی ڕێی هەیە بە خوێندنەوەیەکی لەکانی ڕاڤە بکرێ و هەریەک لەو وشانەی (تۆ) ئاماژە بن بۆ ڕەهەندێکی وجودی.

● لە یەکەم وشەی تۆ(١)دا و بە شوێن بۆشایی نەبوونی سووژەوە زمان خوڵقاوە و بووەتە دەسپێکی شیعر و نیشاندەری ڕەهەندی هێمایە، تۆ(٢) لە دووهەمی دا نوێنەری پاژی واقیعە و دەڵێ بۆ ئەو کاتانەی کە لێت دوور بووم — بیر لە دەستپێڕانەگەییشتن بکەنەوە- لەگەڵ تۆ(٣) نەبووم؟ واتە لانیکەم بە شێوەی خەیاڵیی لێت نزییک نەبوومەوە و بیرتم نەکرد، بەو پێیە تۆ(٣) لە ڕەهەندی خەیاڵیدا هاتووەتە گۆڕێ..

لە درێژەدا دەڵێ بڵێی سەردەمێک بە ویستی خۆم لە تەنیشتی تۆ(٤)دا ببم، واتە بیرت لێ بکەمەوە و بە خەیاڵ لەگەڵت ببم کە دیسان دێتە ڕەهەندی خەیاڵەوە و بە شوین ئەوەدا دەڵێ؛ یان لە تەنیشتی تۆ(٥)دا نەبم؟ دیسان دەگەڕێتەوە بۆ پاژی واقیع و چەمکی دەستپێڕانەگەییشتن کە لە دۆخی هەبوونی کەسەکەشدا هەر غیابە، لە دواهەمین و شەشەمین تۆ (٦)دا دێتەوە سەر ڕەهەندی هێما و ئاماژە بەوە دەکات، کە بەسەر هەموو ئەم ئەگەرانەدا، ناکرێ ساتێ بێ تۆ ببم و نەتهۆنمەوە و نەتکەم بە زمان.

●کە وایە دەکرێ ئاوای دایبنینەوە:

پرسیار
تۆ(ڕەهەندی هێما) چ خوێن شیرینی ئەی ژن
بەتایبەت
کاتێ کە لە نێوان دوو ئەشکەنجەدا دێیتە خەونم
دڵم، هەڵبەت، خێراتر لێدەدات
بەڵام نازانم
بەبۆنەی ئەم خەونە سەوزەیە وا خونچە دەکات؟
یان بەهۆی ئەشکەنجەیێک کە چاوەڕوانی شانە لەرزۆکەکانن؟
هەمیشە لە خۆم دەپرسم:
بۆ ئەو ساتانەی کە لەگەڵ تۆ(ڕەهەندی واقیع) نەبووم،
لەگەڵ تۆ(ڕەهەندی خەیاڵ) نەبووم؟
وە لە نێوان دوو ئەشکەنجەدا
ئەم پرسیارە، بەردەوام بەرانبەرم وەک نیگایەکی ڕەمزاوی ڕاوستاوە
بڵێی سەردەمێک بێت
کە من دیسان بە ویستی خۆم لە تەنیشتی تۆ(ڕەهەندی خەیاڵ)دا ببم،
یان لە تەنیشتی تۆ(ڕەهەندی واقیع)دا نەبم؟
ئەوسا چلۆن ئەگونجێ بیر لەوە بکەم کە بمهەوێ تەنانەت چرکەیەک لە تەنیشتی تۆ(ڕەهەندی هێما) دا نەبم؟

# ژنانی زاگرۆس: لە ئاگری ئەکباتانەوە تا دەنگدانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"



دڵنیا ڕەشید پوور

لە دڵی چیاکانی زاگرۆسدا، زۆر پێش ئەوەی سوپاکانی عەرەب دەشتەکانی ئێران ببڕن، ژنان بە ڕێچکە شاخاوییەکانی کرماشان، سنە، و هەمەداندا دەڕۆیشتن؛ نەک وەک سێبەر، بەڵکو وەک کۆڵەکەکانی جیهانی خۆیان.

لە سەدەکانی ساسانیدا، ئەم چیانشینانە زۆر لە کۆشکە شاهانەکانی تیسفون دوور بوون. ژیان لێرە گوێڕایەڵی ڕیتمی زەوی، ئاژەڵداری، و خزمایەتی بوو. کاری ژن، بەخێوکردنی مەڕومالات، بازرگانیکردن بە خوری و گەنم، بەڕێوەبردنی ماڵ، بڕیاردان لەسەر ژنهێنان و هاوپەیمانییەکان، بێ بەها نەبوو. دەستەکانی لە ئابووریدا چنرابوون؛ قسەکانیان لە بڕیارەکانی هۆزدا کێشی هەبوو. ئەو پارێزەری بەردەوامی ڕەگەزی مرۆڤ بوو، یەکەم پەروەردەکاری منداڵان، و ژمێریارە بێدەنگەکەی سامانی خێزان.

تەنانەت لە ناوەندە شارنشینە بچووکەکانیشدا بەدرێژایی ڕێگا بازرگانییەکان، ژنان دوکانیان هەبوو، سەرپەرشتی کرێکاریان دەکرد، و بەشدارییان لە بازاڕەکاندا دەکرد. یاسا کۆنەکەی زەردەشتی وەک پارێزەرانی ڕێکخستن و ڕەگەزی مرۆڤ سەیری دەکردن، و هەرچەندە پلەبەندی لەوسەردەمەدا بوونی هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی بوونی ئابووری یان دەنگیان لەناو خێزاندا بسڕێتەوە.

ئینجا فتوحاتی عەرەب هات. ئایینی نوێی ئیسلام، لەگەڵ خۆیدا ڕێبازێکی یاسایی و ئەخلاقی نوێی هێنا کە پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی لەڕێگەی یاسای نووسراو و دەسەڵاتی ئایینییەوە پێناسە کردەوە. ئەم ئایین و ڕێبازە نوێیە لە کولتوورێکی دیکە و جوگرافیایەکی جیاوازەوە هات کە هیچ هاوبەشیەکی لە جیهانبینی و کولتوری ئەوان نەبوو بەڵام بە تێپەر بوونی کات و سەردەمانی جیاواز ئەم کولتوورە نوێیە زۆرتر و قووڵتر خوی سەپاند بەسەر دانیشتواندا و بووە بەشێک لەوان. ئاسەوارەکانی کولتوری ڕابردوو تا دەڕۆشت کاڵ و کاڵتر بوونەوە.

لە ناوەندە مەرکەزیەکانی دەسەڵات ئەمە ڕۆڵی گشتی ژنانی تەسک دەکردەوە و لە چوارچێوەی ماڵدا جێگیری کردن. بەڵام لە چیاکانی زاگرۆس، کە مانەوە پەیوەست بوو بە هاوکاری، گۆڕانکارییەکە هەرگیز نەتوانرا بە تەواوی ڕوو بدات. لە نێوان هۆزە کوردەکان و جووتیارە شاخنشینەکاندا، ژنان بەردەوام بوون لە کارکردن لە تەنیشت پیاوان لە کێڵگە و بازاڕەکاندا. ڕەنجیان هەرگیز جێگرەوەی نەبوو، بۆیە نەدەتوانرا دەنگیشیان بە تەواوی بسڕدرێتەوە. یاساکانی ئیسلامییەکان گەیشتنە ناوچەکە، بەڵام ڕووبەڕووی ڕاستییەکی سروشتی و سەرکەشتر بوونەوە: کۆمەڵگەیەک کە بەشداریکردنی ژنان تێیدا نەک کردارێکی یاخیبوون، بەڵکو مەرجی خودی ژیان بوو. ئایین ڕەوشتی دارشت، بەڵام ڕیتمی ژیانی شاخ هاوسەنگییەکەی پاراست.

ئەم هاوسەنگییە جێگیرە ئەمڕۆش هەر دەبینرێت. لە ئاهەنگەکانی کوردیدا، ژن و پیاو شانبەشانی یەک دەوەستن، دەستەکانیان لە ناو بازنەی هەڵپەڕکێدا پێکەوە بەستراوە، سەمایەک کە لە داگیرکاری و ئیمپراتۆرییەت کۆنترە. ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە ئایدۆلۆژیا نەیخولقاندوە، بەڵکو بەرهەمی بیرەوەری دێرینەی گەلێکە: بیرەوەری کارێکی هاوبەش، بیرەوەری هەنگاوی یەکسان لەسەر زەوییەکی پڕ لە بەرد.

لەسەردەمی دەسەڵاتە جیاوازەکاندا، کۆمەڵگەی کوردی ئەگەرچی بەردەوام لە ژێر فشاری ئەو ئایدۆلۆژیا بێگانە بوو بەڵام ژێرخانی ڕەسەنایەتی خۆی پاراست. هەرگیز بەهەشتێکی یەکسانیی دروست نەکرد، توندوتیژی و پیاوسالاری لێرەش وەک هەموو شوێنێک هەبوون و هەیە، بەڵام تۆوێکی کەلتووری هاوبەشی هەڵگرتبوو کە سڕینەوەی قورس بوو. بۆیە کاتێک هاواری «ژن، ژیان، ئازادی» بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئێمەوە سەری هەڵدا و لە هەموو دونیا دەنگی دایەوە، لە هیچەوە لەدایک نەبوو. ئەوە دەنگدانەوەی مۆدێرنی ژیانی ئەو پێشینیانەیە کە ژنان تیایدا هۆز، دروێنە، و ڕۆحی ئازادییان دەپاراست.

ئەمڕۆ ژنانی کورد دەخوێنن، دەنووسن، دەجەنگن، و ڕابەرایەتی دەکەن. چوونەتە زانکۆکان و ئەو ئابوورییەی کە پێشتر لێیان قەدەغە بوو بە دەستی دەهێننەوە، و هێشتا بیرەوەری شاخ هەڵدەگرن؛ کە یەکسانی تێیدا دۆکترینێک نەبوو، بەڵکو ڕێگایەک بوو بۆ مانەوە. سەرەڕای سەدان ساڵ لە داگیرکاری دەرەکی و فشاری کلتووری، زاگرۆس وەک دیمەنێکی بەرگەگرتن ماوەتەوە. خەڵکەکەی دەزانن کە هەر هەنگاوێک بۆ پێشەوە بۆ ژنان، هەنگاوێکە بۆ گەڕانەوە بۆ کۆنترین ناسنامەی خۆیان: هاوبەشی لە ژیان، ڕەنج، و ئازادیدا؛ و پاشەکشەی سەنگەر لە دوای سەنگەری زۆرداری و چەق بەستوویی و نەزانیە.




# کاتێ دۆعاکانیشمان پیاوانەن!



بێگەرد ساڵح

لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە کوردستان، ئەم دوعایەتان بیستووە: «خودا کوڕتان پێ بدا»! یان «خودا کوڕتان لێ نەستێنێ»! ئایە ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەگەر خوا کچتان لێ بستێنێ کێشەی نییە؟!

بەداخەوە هێشتا ئەم چەشنە دۆعایانە بەشێکن لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکی. ئەم ڕستانە لە ڕواڵەتدا سۆزداری و عاتیفین، بەڵام لە قووڵایی ناوەڕۆکیاندا مێژوویەکی دوور و درێژی بەها ڕەگەزییەکانیانی هەڵگرتووە. لە کولتوورێکدا کە کوڕان وەک درێژەپێدەری ناو و دەسەڵات و شەرەف و کچان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر "ئابڕوو" یان بارگرانییەک بۆ سەر خێزان دەبینێت، دۆعایش (ڕەنگە نەخوازراو) دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەم نایەکسانییە.

ئەوەی کە بە ئازارترە، زۆرجار ژنان خۆیان هەڵگر و پارێزەری ئەم بۆچوونەن و من بۆخۆم ئەم چەشنە دۆعایانەم زیاتر لە زمانی ژنانەوە بیستووە، ئەگەر دیرۆکی بۆی بڕوانین ڕەنگە یەک لە هۆکارەکانی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فئۆدالی و بێگاری کێشانەوە کە زیاتر کەڵکیان لە هێزی ماسوولکەی کوڕان گرتووە... بەڵام مانەوەی ئەم دیاردە، چەمکێکە کە دەروونناسە کۆمەڵایەتییەکان پێی دەڵێن پیاوسالاری دەروونی کراو: پێکهاتەیەکی زەینی کە ژنان لە دەروونی خۆیاندا جێگیری دەکەن تاکوو جیهان لە ڕوانگەی پیاوەوە ببینن و حوکم بدەن. ئەمە ئەو کلتوورە بەئازارەیە زۆر جار ژنان خۆیان هەڵگر و پارێزەری ئەو سیستەمە پیاومەزنییەن.

ژنانێک کە خۆیان تووشی چەوسانەوە بوون، هەندێک جار نائاگا و ئاگادار هەمان ئەو شێوازانە لەگەڵ نەوەی نوێ دووبارە دەکەنەوە، دەبنە هۆی گواستنەوەی ئەو ئازارانەی کە خۆیان هەستیان پێکردووە بۆ ژنانی تر. دەتوانم ئاماژە بە چەن نموونەی دیکە لەو باوەڕانە بکەم کە بەشێکن لە ناسنامەی هەڵبەستراوی هەنووکە:

– کچان لە منداڵییەوە فێر دەبن کە بوونیان هەتا سەردەمێک بێ کێشەیە لە ماڵی باوک و ئەمەش وا دەکات متمانە بە خۆیان کەم بێتەوە و ئاواتەکانیان سنووردار بکەن تەنانەت لە بڕیاری هاوسەرگیریدا پەلە دەکەن و بەبێ گرنگیدان بە ئامانج و خەونەکانیان بڕیار دەدەن، زۆر جار دیتوومانە کە دایکەکان دەست بە داوێینی دوعانووس دەبن بۆ ئەوە بەختی کچەکەیان بکرێتەوە بەشکم کچەکانیان زوو شوو بکەن چونکو پشتاوپشت فێر بوون بەختەوەری کچ یانی مێرد و شوو کردن.

– جیاوازی دیکە لە دابەشکردنی میراتدایە؛ دەڵێن میرات حەقی کوڕە و نابێ بە کچ بدرێ بۆ ئەوە پێیان وایە کە زاوا دەیخوات و کورەکەیان زوڵمی لێ دەچێت جا بۆیە یان فێریان دەکەن کە داوا کردن و چاوەڕوان بوونی شەرمە و دوور لە میهرەبانی خۆشکایەتیە یان هەر بەشیان نادەن.

– لە جێگەی کاردا، ژنان زیاتر بە «یارمەتیدەری داهات» دەبینرێن نەک وەک خاوەن پیشەیەکی سەربەخۆ، ئەمەش کاریگەری لەسەر مووچە و پلەبەرزبوونەوەیان دەبێت.

– لە مافی بڕیاردان بۆ جەستە: لە کلتوورێک کە ژنان لەژێر گوشاری ئەوەدان کە «کوڕیان ببێت» و دایکی کوڕ دەسەڵات و ڕێزێکی دەسدەکەوێت کە دایکی کچ لێی بێبەشە، ترس و هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە کە بەختەوەر نامێنێ و ژیانی دەشێوێت ئەگەر چەند کچیشی هەبێت.

بەڵام گۆڕانکاری مومکینە. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە شۆڕشێکی مەزن نییە، بەڵکوو بە پێداچوونەوە لە سەر زمان و پەروەردە و تەنانەت وتوویژی ڕۆژانەوە دەست پێدەکات. کاتێک دایکانی گەنج لەگەڵ کچەکانیان باس لە بەهای کچ بوون بکەن، کاتێک قوتابخانەکان باس لە ڕۆڵی ژن لە مێژوو و کولتووری کوردەواریدا بکەن، هەروەها کاتێک میدیاکان لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و ڕیکلامەکاندا ژن نەک لە پێناو پیاواندا بەڵکو وەک مرۆڤی سەربەخۆ پیشان بدەن، بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ بە ئەسپایی دەگۆڕێت.

هەر جارێک لەبری «خودا کوڕتان پێ بدا یان خودا کوڕتان لێ نەستێنێ» کە درێژکراوەی گوتاری ستەمی دەروونیکراوە، ڕستەیەکی جوانی کوردی دیکە /بۆ نموونە/ وەکوو: «بە نازی دایک و باوکی گەورە بێ» بەکار بێنین، هەنگاوێکی بچووک بەڵام بنەڕەتی دەنێین لە پێناسەکردنەوەی بەها مرۆییەکان. گۆڕانکاری لەم وشە بچووکانە دەست پێدەکات؛ لە زمانی ڕۆژەزارەوە، لە ماڵەوە، لە گفتوگۆی دایکانەوە، لەوێوە کولتوور بیچم دەگرێ و دەتوانێ دووبارە بیئافرێنینەوە.

گرینگترین شت لە ژیاندا، هەبوون و دۆزینەوەی بایەخ لە سیستەمێکی ناعادڵانەیە و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و مرۆڤییە کە لە ئەستۆی هەموومانە. ئەگەر ئێمە /ژنان/ نەهێڵین ئەم سیستەمە درێژە بدرێ، کێ ئەتوانێ بەردەوام بێت لە درێژەدانی؟

هەر ژنێک کە ئەم بازنەیە دەشکێنێت، ڕێگا خۆش دەکات بۆ نەوەیەکی ئازادتر، هەر گفتوگۆیەک لەسەر ئەم بابەتە، هۆشیاری زیاتر درووست دەکات. ئەو کات، ژنانی تر هەست دەکەن کە تەنیا نین و هەستێکی هاوبەش بۆ گۆڕانکاری درووست دەبێ. ئەم خەباتە خەباتی هەموومانە /پیاو و ژن/ بە تایبەت ژنان بۆ کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر

# لە دادگای پیاوسالاریدا قوربانیی تۆمەتبارە



ئارەزوو کەمانگەر

ئێمە وەکوو ژن، لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە دەستدرێژی نەک تەنها دژی جەستەی ژنێک، بەڵکو دژی کەرامەت و کەسایەتیی ئەو ژنە ئەنجام دەدرێت. دەستدرێژی سێکسی لە کولتوری ئێمەدا دوو جار ڕوودەدات:
یەکەم، بە شێوەی فیزیکی و جەستەیی ، دووهەمیش کاتێک کۆمەڵگا بە جۆری ڕوانینی بە دیاردەی دەستدرێژیی و بەتۆمەتبارزانینی ژنەکە، هێرش دەکاتە سەر دەروون و کەرامەتی قوربانیەکە.

لە پێکهاتەی پیاوسالاریدا، دەستدرێژی کەمتر وەک توندوتیژی و زیاتر وەک ڕەفتاری سێکسی یان «لاڕێیانە» سەیر دەکرێت. زەینی جەمعیی ئێمە ڕاهاتووە کە ژنان وەک وەسوەسەکار، بەرپرسیار و شەریکی تاوان بناسین. وا ڕاهاتووین کە لە جەستەی ژناندا بە دوای هۆکاری دەستدرێژیکردن بگەڕێین و واز لە فاکتەرەکانی دیکە وەکوو دەسەڵات،ڕەگەزی بالادەست و ڕەزامەندنەبوونی قوربانییەکە بێنین.
ئەم پێچەوانەبوونەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە کولتوری ئێمەدا «ئابڕوو و شەرەف» گرنگترە لە حەقێقەت و ڕاستیی. لەم حاڵەتەدا و لە وەها کۆمەڵگایەکدا زۆر ئاساییە کە سەرپۆش لە سەر کاری پیاوە دەستدرێژکارەکە دابنرێت و ژنە قوربانیەکەش بێدەنگ بکرێت لە بەر ئەوەی سیمای کۆمەڵگاکە تێک نەچێت و وەک خۆی بمێنێتەوە.
لە سیستەمێکی ئاوادا ژن تەنیا هەڵگری ئابڕووە نەک خاوەن ماف. هەر بۆیە دەبێت قوربانیی بەردەوام ڕوونکردنەوە بدات،پاساو بهێنێت و بەرگریی لە خۆی بکات، و ئەمە لە کاتێکدایە کە دەستدرێژیکار بە پشتبەستن بە بێدەنگیی و تا ڕادەیەکیش پشتیوانیی گشتیی ئەو کۆمەڵگایە، دەخزێتە نێو سێبەری ژیانیەوە
لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەستدرێژی تەنیا توندوتیژی سێکسی نییە، بەڵکو کردەوەیەکی دەسەڵات تەوەرییە.
واتە دەستدرێژیی ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن و سەپاندنی قەزاوەتی کۆمەڵایەتی بەسەریدا.
ئێران نموونەیەکی ڕوونی کولتوورێکی لەو جۆرەیە: کە دەستدرێژی نەک هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵکوو کاتێک ئاشکرا دەبێت، قوربانییەکە زیاتر لە دەستدرێژیکارەکە دادگایی دەکرێت. ویژدانی بەکۆمەڵ کە دەبێ پارێزەری دادپەروەری بێت، بەرامبەر بەو دیاردەیە بە پێچەوانەوە مامەڵە دەکات و ژنەکە بە تاوانبار دەبینێت و پیاوەکە لە بەرپرسیارێتی بێبەری دەکات.
پرسیارە باوەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە ژنانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیی، خۆیان شایەتیی ئەم پێچەوانەبوونەوەیەن:
بۆچی لەوێ بوویت؟ بۆچی لە نیوەی شەودا چوویتە ماڵەکەی؟ بۆ بێدەنگ بوویت؟ مەگەر خۆی نەیویستووە؟
ئەم پرسیارانە هەمان لۆژیکی سەقەتی پیاوسالاری بەرهەم دەهێننەوە کە ژن بە سەرچاوەی وەسوەسە و پیاو بە قوربانیی غەریزە دەزانێت. لە لۆژیکێکی لەو جۆرەدا دەستدرێژیکردن بە پێشێلکردنی ڕەزامەندی و شکاندنی سنووری جەستەی کەسەکە نازانرێت، بەڵکوو بە ”هەڵە تێگەیشتن“ یان بە دەرئەنجامی ڕەفتاری ژنەکە دادەنرێت.
ئەم عەقڵیەتە نەک تەنیا قوربانیی ناچار دەکات بێدەنگ بێت، بەڵکوو دەستدرێژیکارەکەش بێتاوان دەکات. تەنانەت ژنانی دیکەش، بەبێ ئاگاداری، بە هەمان گوتاری پیاوسالاری، یارمەتی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی دەدەن.
”دەبێ ویستبێتی“ ”ئەگەر نەیویستایە نەدەچوو“ ”بۆچی ئێستا گلەیی دەکات؟
زۆرجار ئاوەها قسەگەلێک لە زاری ژنانەوە کاتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنێکی دیکە، دەبیستین، قسەگەلێک کە وشە بە وشەی زامێکی دووهێندە دەخاتە سەر دڵ و دەروونی ژنە قوربانییەکە، زامێک کە ساڵانێکی دوور و درێژی پێدەچێ تا بتوانێ سارێژ بێت.
ئەم قسانە بەڕواڵەت لۆژیکیانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا درێژەپێدەری هەمان ئەو کولتوورەن کە ژنان بە بەرپرسیار لە دەستدرێژی، و پیاوان خاوەن دەسەڵات دەزانن.
دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی لەم دواییانەدا دژی ئەکتەری ناسراو «پژمان جەمشیدی» ئەم میکانیزمەی ئاشکرا کرد. پێش هەر لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی، ڕای گشتی بۆ بەرگریکردن لە کەسایەتییە خۆشەویستەکە ڕاکێشرا؛ ناوبانگ جێگەی عەدالەتی گرتەوە و ئەو ژنەی سکاڵای لە سەر کردووە بەرەڕووی شەپۆلێکی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی بووەوە و تەنانەت بە تۆمەتباریشیان زانی. ئەم کاردانەوە بەکۆمەڵە، دەریخست کە ویژدانی گشتیی لە ئێراندا زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتدا هاودەنگە و چاو لە سەر حەقێقەت دادەخات.
دوو ساڵ پێش ئێستا و لە دۆسیەیەکی دیکەدا شلێر ڕەسووڵی، ئەو ژنە مەریوانیەی کە بۆ ئەوەی لە دەستدرێژی ڕزگاری بێت، خۆی لە پەنجەرەیەکەوە فڕێدەداتە خوارەوە و گیانی لەدەستدەدا. مردنی ئەو ژنە بیرهێنانەوەی هەزاران ژنە کە دوابەدوای دەستدرێژیکردن لە سەریان بێ بەزەییانە لەلایەن کۆمەڵگاوە قەزاوەت کراون و ڕەنگە شلێر و شلێر ناوەکان لە ترسی قەزاوەتی نادرووستی خەڵک، لە نێوان ژیانی دوای دەستدرێژی و مردن، مەرگیان هەڵبژاردبێت. کە وابوو شلێر قوربانی مەیلی سێکسیی تاکێک نەبوو؛ ئەو قوربانی کولتوورێک بوو کە ژنان لە جەستەیان نامۆ دەکات و لەبری ئەوەی دەستدرێژیکار بە بەرپرسیار بزانێت،ژنەکە بەناو»خەتاکار یان گوناحبار» دەزانێت.
کە وابوو لە هەردوو حاڵەتدا،چ دەنگ هەڵبڕێت و دژی دەستدرێژیکارەکە بوەستێتەوە، چ کۆڵ نەدات و پێش دەستدرێژی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت، ئەوەیکە زیان دەبینێت، ئەوەیکە قەزاوەت دەکرێ، ئەوەیکە پاڵپشتیی لێ ناکرێ(چ لە لایەن یاسا چ کۆمەڵگە) ژنە قوربانیەکەیە.
لە کۆتاییدا، دەستدرێژی لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامێکی زنجیرەیی لە پەروەردە،بەها و بێدەنگییە. کچان هەر لە منداڵییەوە فێر دەبن کە جەستەیان هەڕەشەیە و دەبێت داپۆشرێت نەکوا هەستی پیاوێک ببزوێنێت. کوڕان فێر دەبن کە ئاساییە نەتوانن کۆنترۆڵی غەریزەکانیان بکەن. ئەم پەروەردە دوو لایەنیە، ئیمکان دەدا بە دەستدرێژیکردن و هەروەها قەزاوەت لە سەر قوربانیی نەهادینە دەکات.
ئێستا و لەم سەردەمەشدا کە سەردەمی میدیا و سۆشیاڵ میدیایە،ڕۆڵی میدیا لەم چەرخەدا حاشا هەڵنەگرە. جەختکردنەوە لەسەر «ڕەفتار و هەڵسووکەوتی قوربانیی» یان «کات و شوێنی ڕووداوەکە» لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا، هاوسۆزی لەناو دەبات و مێشکی کۆمەڵگا لە توندوتیژییەوە بۆ تاوانبارکردن دەگۆڕێت و بەلاڕێیدا دەبات.
تا کاتێک ئاوەها پێچەوانەیەک لە مێشک و زمانی ئێمەدا بەردەوام بێت، عەدالەت وەک چەمکێکی بێواتا لە ویژدانی دەستەجەمعیدا دەمێنێتەوە و حەقیقەت لە سێبەری ئابڕوودا ون دەبێت.

# لە کایەی پولیتیکیا دا؛ ( ترۆریست، جەد و ئاباتانە!)



ساڵح سووزەنی

کاتی خۆی ویتگنشتاین زۆربەی پێوەندی و جموجۆڵە جۆراوجۆرەکانی بواری مرۆڤایەتی (رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هونەری و...) وەک چەشنێک یاری یان کایەگەلێکی زمانیی هێنایە هەڵسەنگاندن و عالەمێکی سەرسام کرد و زۆر کەسانیش، نە لە باسەکە تێگەیشتن و نە هەوڵیاندا لانی کەم فێری یاساکانی ئەو کایەگەلە بن.. من کاتی خۆی وتارێکم لەمەڕ یارییە زمانیەکانی ئەدەبی بە ناوی «نالی و یارییە زمانیەکانی ویتگنشتاین» نووسی و دواجار هەر لەسەر ئەو باوەڕە چیرۆکێک بەناوی «کایە«م بە شێوەی نافەرمی بڵاوکردەوە، کە لە لایەن کاک سەلاح محەممەدییەوە وەک شانۆنامە هەر بەو ناوەوە هاتە دەرهێنان و... بابەتی سەرەکی لە «کایە «دا فەلسەفەی وانموودە (SIMULACRUM) و وانوێنی و لاسایی کردنەوەیە کە بەرە بەرە جێی ڕاستییەکان دەگرن و وایان لێدێ کە بە هیچ چەشنێک لە ڕاستییەکان جوێ نەبنەوە..
باسی کایە و وانوێنراوی لەمەڕ سیاسەتیش ڕەنگە باسێکی نوێ نەبێ.. بە تایبەت زاراوە و وشەگەلی وەک؛ یەکسانی و بەرابەری، مافی چارەنووس، عەدالەت، ئازادی، دێموکراسی، سەربەخۆیی، ئازادیخواز و ترۆریست و خراپکار، شۆڕش و دژە شۆڕش و...تاد. لەم سەردەمەدا ئەوەندە لەگەڵ زاراوە و وشەگەلی هاودژ تێکەڵ بوونە کە نەک بەهاسانی بەڵکوو بەهیچ شێوەیەک لێک جوێ نابنەوە.. ئەوەی بڕیار لەسەر حەقیقەتی هەرکام لەو وشەگەلە دەدا سیستەمێکی تاڵەجاڵجاڵۆوکەیی نادیار یان کەم دیاری دەسەڵاتی زمانیی و وێنەییە کە لەڕێگای دەزگاکانی پێوەندی جەماوەرەوە شەو و ڕۆژ لەناو ژوورەکانماندا وەک زوڕنا دەژەنرێ و ئەوانەی دەسەڵاتی زێدەتریان هەیە حەقیقەتی وانوێنراوەکەشیان زێدەترە و بەو چەشنە ماف و حەقیقەت(!!) ی زێدەتریشیان لایە... بۆ وێنە کەس نازانێ فیدل کاسترۆ ترۆریست و خرابکارە یان ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ... «واتسلاو هاوڵ» و « لێخ واڵسا» شۆڕشگێڕ بوون یان نۆکەری بورژوازی و ئیمپریالیسم و ئانتی سویتیسم... بۆوەی ئەم کەسانە لە کایەی سیاسەتدا ڕۆژێ لەژێرەوەن (کەوایە ترۆریست و خائین و خراپکار و جیاوازیخواز و.. ن) یان ڕۆژێ دەکەونە (یان دەیانخەنە) سەرەوە و دەبن بە شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و پاڵەوانانی گەل و.. کایەکە کایەیەکی بێڕەحمانەیە و خێر بەکەس ناکا و زگی بۆ کەس ناسووتێ.. مەڕ و ماڵاتیشی تێوە دەگلێ چ بگا بە مرۆڤ و کوردی بێچارەی دەسەڵات نەدیو..
نموونەی زۆر بەرچاو و سەردەمانە؛ یاری یان با بڵێن شەڕی «یەکیەتی» و «پارتی»ی تێرۆریست و خراپکار و خایین بەگەل و نیشتمانی عەرەبی و.. بوو لەگەڵ «قارەمانی قادسییە« و «شۆڕشگێڕی گەورەی عەرەب» و «ئاڵاهەڵگری سەربەخۆیی» و... هێندەی پێنەچوو یاساکانی یارییەکە دەگوڕدرێ، یان با بڵێین لایەک پێی لە یاسای کایەکە دەترازێنێ و دەسەڵاتێکی گەورەتر و بەهێزتر رقی لە یاریەکە هەڵدەستێ و لە ناکاو ڕۆژی قارەمان دەگۆڕدرێ و لێی دەبێتە شەوەزەنگ و بە پێچەوانەوە ترۆریست و خرابکار دەبنە شا!! (ببوورن سەرۆک کۆمار و قارەمان و لەو شتانە و سەر لە منی وێرانەماڵی نائاشنا بە یاساکانی کایەکان دەشێوێ...) هەر بۆیە کاتێک ئێستا لە ڕادیۆ یان کەناڵێکی تلویزیۆنییەوە ناوی میللەتێک بە تێرۆریست ناوزەد.. لەناکاو بەخۆم دەڵێم: ئەوانە شۆڕشگێڕن! ئاخۆ کەی نۆرەیان بێ و ببنە قارەمان و وڵاتپارێز و ئازادیخواز و سەرۆک کۆمار و شتی باشتر.. بە پێچەوانەوە کاتێ دەسەڵاتێک باسی ئازادیی و دێموکراسی و پاراستنی مافی تاک و کۆی کۆمەڵگا دەکا.. دەکەومە گومانەوە کە نەوەک شەڕێکی قورسی بە دەستەوە بێ و بیهەوێ پێمانی بفرۆشێ؛

« لە جیهانی هێرمنۆتیکی ئەوانا؛
ڕەنگە وشەی ئاشتی ئێمە
بەهۆی شینە خەستەکەیەوە مانای شەڕ بات..
وەک چۆن کە باسی PEACE ئەکەن
ئێمە دڵنیاین؛
شەڕێکی پیس هەڵدەگرسێ و..
ئەمانکوژن.»
{شێعرەساتی٢}

ئەگەر بمانهەوێ باسەکەمان سەرلەنوێ بەڕۆژ(ئاپدەیت) بکەینەوە، بەسە ئەگەر چاوێک بخشێنین بەسەر هەواڵەکانی «هێرشی سپای قارەمان و وڵاتپارێزی تورکیە بۆ سەر ترۆریستانی کورد و هەرێمی کوردستان.. ئینجا سەرلەنوێ فێری یاساکانی ئەو کایە قۆڕە دەبینەوە و بەدەست خۆمانە کە بچینە ناویەوە یان نا؟
من کە خۆم بە سیاسەتوان نازانم و تکایە ئەم وردە یادداشتەشم بە کایەی سیاسەت لێ وەر مەگرن! بەڵام ئێستاش نەمزانی داگیرکاریی چ فرێکی بەسەر ترۆریستەکانەوە هەیە؟
وادیارە چوومەوە نووک ..
وێڵی کەن! لەوە ناچێ قارەمان تا ئەبەد هەر قارەمان بمێنێتەوە!
هاکا ئەویش ڕۆژێ بکەوێتە بەر غەزەبی ئەمریکای وڵاتپارێز و ئازادیخواز!

DwaRoj

ژماره (١٣٧) ساڵی دەیەم، ٢٠٢٥/١١/٣

dwaroj.net

سەرنووسەر: عەزیز ئاجیکەند

هەڵەچن: سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت سەردانی www.komala.com بکەن

پەیوەندی dwaroj.net



# وەفاداران

## بەرز و بەریز بێت یادی هاوریی گیانبەختکردوو کاک مەسعوودی محەممەدی

## پێشمەرگەی وشیار و شۆرشگیری کومەڵە

پڕشنگ محەممەدی

هاورِی مەسعوود ساڵی ١٣٤٠ لە بنەماڵەیەکی فەقیری کرێکاریدا چاوی بە ژێن هەڵهێناوە . هەر لە تەمەنی منداڵیا دایکی لە دەس داوە . لە دەورانی دەرس خویندندا بە هۆی دەستەنگی بنەماڵەکەی ناچار بوو کاتی تەعتیلی مەدرەسەکان کار بکات تا خەرجی خویندنەکەی پەیدا بکات. ژیان لە نێو زەحمەتکێشاندا بووە هوی ئەوە کە کاک مەسعوود رەنج و کویرەوەری زەحمەتکێشان لە نزیکەوە هەست پێ بکاو بیر لەوە بکاتەوە کە بۆچی ئەو کەسانەی کە بەرهەم هێنەری هەموو پێداوێستیەکانی ژیانن خۆیان لێی بێبەشن، ئەمە وپرسیارگەلێکی دیکە زەینی تیژی هاوڕێ مەسعوودی بەرەو خەبات لە دژی هەلاواردن وستەم، چەوسانەوە وبێعداڵەتی نێو کۆمەڵگای سەرمایەداری راکێشا .

لەگەڵ دەسپێکردنی شورشی بەرینی جەماوەری زورلێکراوی خەڵکی ئێران لە ساڵەکانی ٥٦-٥٧ ، هاورِێ مەسعوودیش وەک زۆربەی لاوانی تێکۆشەری کوردستان پێی نایە مەیدانی خەبات و تێکۆشان لەدژی رژێمی دیکتاتوری



نوێنەری ئەوان لە شوورای دانش ئاموزانی سنەدا هەلبژێردرا. لە کۆبوونەوەی شوورادا کاک مەسعوود لێبراوانە و بی راڕایی لە بەرانبەر سازشکاراندا رادەوەستا و



شا و شانبەشانی خوێندکاران لە سەنگەری مەدرەسەکاندا هەلسوورانی سیاسی خۆی دەس پێکرد. لە تەواوی خۆپیشاندان و ئیعترازاتی دانش ئاموزان و خەڵکی شاری سنەدا بەشداری هەلسووراوانەی هەبوو. لە ڕۆژەکانی سەروبەندی ڕاپەرێنی سالی ٥٧دا لە تەزارهوراتێکدا کە لە لایەن بەکرێگیراوانی شاوە بە خوین کێشرا، هاورِی مەسعوود بریندار بوو و بۆ ماوەی ٢ مانگ لە بیمارستان بەستەری کرا. دوای رووخانی رژیمی پەهلەوی بە وشیارییەکی زیاتر و شوور و شەوقێکی شورشگێرانەوە خەباتی خۆی بەجەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و شورش لە شاری سنە گرێدا. هاورِێ مەسعوود بە وشیارییەکی سیاسییەوە کە بە دەستی هینابوو وە بە بڕواییەکی شۆرشگێڕانەوە، ساتێک لە خەبات کردن رانەوەستاو و بۆ بردنەسەری رادەی وشیاری خوی تێدەکوشا و پەیگیرو بە توانا دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دریژەی بە خەباتی دا.

هاورِێ مەسعوود لە دەورەی ئەوەڵی بزووتنەوەی شورشگێڕانەدا لە نزیکەوە لە گەڵ کومەڵە ئاشنا بوو. لەو کاتەوە وەکوو هەلسووراوێکی پڕ شووروشەوق دەستی بە کار کرد. پێش هاتنەوەی پێشمەرگە بۆ نێو شارەکان بۆ بلاوکردنەوەی نەشرییاتی کومەڵە و شوعار نووسین لە سەر دیواران و تەبلیغی سیاسیەتی شورشگێرانەی کۆمەڵە تێدەکوشا. هەر لەو ڕوژانەدا لە گەڵ کومەڵێک لە هاوڕێیانی بۆ بردنەپێش و سازماندانی خەباتیان لە مەنتەقەکەی خۆیان هەستەیەکیان پێک هێنا. ئەو بە هۆی لێهاتوویی و لیاقەتێک کە لە نێو خوێندکاراندا لە خۆی نیشان دابوو، وەکوو ئیفشای دەکردن. کاتێک کە شارەکان کەوتنە دەس پێشمەرگە، ئەو جزوی یەکەمین کەسانێک بوو کە خوازیاری پێشمەرگایەتی لە ریزی کۆمەڵەدا بوو، بەڵام لە لایەن کۆمەڵەوە پێی ئەسپێردرا کە هەلسووڕانی خۆی هەروا لە شوورای خوێندکاراندا و لە سەتحی گەرەکەکان درێژەی پێ بدا. کاک مەسعوود لەو کاتەدا سەرەرای فەعالییەت لە شوورای دانش ئاموزان و بەشداری لە موبارزاتی خەڵکدا، لە پێک هینانی شوورای گەرەکەکانیشدا دەوری بەر چاوی گێڕا. پێش هێرشی دووهەمی ڕژیم بو سەر کوردستان لە یەکێک لە بنکەکانی شاری سنەدا هەلدەسووراو بە عەلاقەیەکەوە کە بە خەبات بووی چەکی دێفاع لە دەسکەوتەکانی شۆرش و قازانج وبەرژەوەندی کرێکاران وزەحمەتکێشانی کردە شان و لە شەری ٢٤ ڕوژەی سنەدا چالاکانە بەشداری کرد. بە هاتنەدەری پێشمەرگە لە شار هاتە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و لە لقی شەهید سەعیدا درێژەی بە خەباتی خۆی دا و لە تەواوی دەرگیری و شەڕەکانی ئەو سەردەمەدا وەک مەسئولی سیاسی و نیزامی دەستە بەشداری کرد.

هاورِێ مەسعوود لە شەریکدا لە ناوچەی دیواندەرە لە گەڵ بەکرێگیراوانی رژیم دوای حەماسەیەکی کەم وێنە بریندار بوو، بەڵام بەداخەوە بە هۆی کاری بوونی برینەکەی پاش حەوتوویەک بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ روژی ١٣ سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی دڵی پڕ لە عیشقی بە ئازادی وسوسیالیسم لە لێدان کەوت و چووە ریزی گیانبەختکردووانی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی زور لێکراو.

## دواستون

### دەنگی سروود، دەنگی ئازادی: چیرۆکی مامۆستایانی ڕێگای خەباتی پەروەردە

ئاسۆی نیشتمان بە هەبوونی ئەم مامۆستایانە ڕوونە کە لە ڕێگەی زانست و هەڵوێستێکی بەرپرسانەوە، بە هەوڵ و چالاکییەکانیان بوونەتە هۆی پەرەپێدانی پەروەردەی گشتی و بەتایبەتی نەوەی نوێ. ئەوان بێدەنگییان شکاند و سەلماندیان کە دەتوانن تابۆکانی کۆمەڵگە بشکێنن. ئەم ڕچەشکێنییە سەلمێنەری ئەوەیە کە ناسنامەی کوردایەتی لەناو خەڵکدا ون نەبووە و لە بووژانەوە دایە. ئەم مامۆستایانە هەم لە خەباتی ڕۆژانە و هەم لە گۆڕەپانی چالاکیی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە مافەکانی کۆمەڵگەشدا پێشەنگن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە مێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆی و چەشنی بەهێزی خەڵکەکەی ناسراوە، ئەم کەسانە بوونەتە درێژەدەری خەباتێک بۆ هۆشیاری و ئاگاداریی نەتەوەیەک کە هەمیشە لە ژێر گوشار و سەرکوتدایە.

قوڕ بەسەر دوژمنانی ئازادی!

ئەو دوژمنانەی کە بە یاساکانی نایەکسان و سیستەمێکی سەرکوتکەرەوە هەوڵ دەدەن مرۆڤە ئازادەکان بکەنە ئامرازی کۆنترۆڵ. بە دڵنیاییەوە گوشارەکان ناتوانێت ئەو ئازادییەی کە لە ناخ و ڕۆحی مرۆڤەکاندایە بسڕێتەوە. لە هەموو ئەم فشارانەدا، مامۆستاکانی کورد لە ڕۆژهەڵات بوونەتە هێمای بەرگری لە هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری. ئەوان جگە لە مامۆستای قوتابخانە، خەباتکارانی پەروەردەن کە هەوڵ دەدەن بۆ هۆشیاری و بەرژەوەندی نەوەی نوێی کوردستان. بە داخەوە بەهۆی هەوڵی فێرکردنی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی هەستی نەتەوەیی بڕیاری سەرکوتکەرانە لە چوارچێوەی یاسادا بۆیان دەردەکرێت. لە نموونەیەکی تازەدا لە شاری جوانڕۆ، زەیتوون کۆهزادی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی فێردۆس، و مێهری خوسرەویزادە، مامۆستای پەروەردەیی، لەبەر ئەوەی کچە خوێندکارەکان سروودی «ڕێی خەبات» و سروودی «بە تەنیا جێم مەهێڵن»یان خوێند، لە کارەکانیان دوورخرانەتەوە. ئەم سروودانە کە بەشێکن لە میراتی مێژوویی و هەستی ئازادیخوازی و یادەوەری کارەساتەکانی کورد، بوونەتە هۆی بانگهێشتکردن و تۆمەتبارکردن بە «دژی نیزام».

هەواڵە بڵاوکراوەکان نیشان دەدەن کە ڕژێمی ئێران لە چوارچێوەی سیستەمە سەرکوتکەرەکەی، هەموو دەرخستنێکی بچووکی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری وەک جووڵەیەکی دژەدەوڵەتی دەبینێت. بەرچاوە کە سیستەمی حوکمڕانی ڕژیم نەوەکوو دژی چالاکییە پیشەییەکانە، بەڵکوو دژی هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و مافەکانی نەوەی نوێ.

ئەم بڕیارە سەرکوتکەرانە لە ناوچەی کوردستان لە دوای شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» زیاتر بووەتەوە. مامۆستایانی کوردیش بوونەتە بەشێک لەو ئامانجانە. بەڵام وەک لە مێژووی کوردەکاندا دەبینرێت، ئەم گوشارانە تەنها بووەتە هۆی بەهێزتربوونەوەی ئیرادە و خەباتی ئەم مامۆستایانە ئەم مامۆستایانە کە بە دڵسۆزی بەرگری لە مافەکانی خۆیان و نەتەوەیان دەکەن، سەرەڕای هەموو گوشارەکان هەر بەردەوامن لە خەباتەکەیان. گوشار و سەرکوتکردنەکان و دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان ناتوانێ ورەی ئەم خەباتکارانە بڕووخێنێ و ئەم خەباتە بەردەوامە...